ISSN(Print): 1813-4521 OnIine ISSN:2663-7502
Journal Of the Iraqia University
available online at: https://www.mabdaa.edu.iq

# النظريات والنماذج المتعلقة بعدم التنمية البراغماتية للغة

ا.د. افستا كمال محموود
م. بهره سلام حمه غريب
قسم اللغة الكردية كلية اللغات جامعة السليمانية
قسم اللغة الكردية كلية التربية جامعة حلبجة

# Theories and Models Related to Pragmatic Language Impairment

Theories and Models Related to Pragmatic Language Impairment

Avesta Kamal Mahmud, Bahra Salam Ham Gharib
avesta.mahmud@nuivsul.edu, bahra.hamagharib@uoh.edu.iq

ملخص

:تندرج هذه الدراسة ضمن متطلبات نيل درجة الدكتوراه، وتحمل عنوان: " النظريات والنماذج المتعلقة ب عدم التنمية البراغماتية للغة". تقع الدراسة في حقل علم اللغة النفسي، وتهدف إلى تحليل وتفكيك الأبعاد البراغماتية للغة، من خلال التركيز على إنتاج وفهم اللغة لدى الأفراد الذين يعانون من صعوبات في التطور البراغماتي، وهو مجال يرتبط باستخدام اللغة في سياقاتها الاجتماعية والتواصلية، على الرغم من امتلاكهم لمهارات لغوية شكلية (مثل الفونولوجيا، التركيب، والدلالة) إلى درجة مقبولة. المصابون ب (ع.ت.ب). حيث يواجه هؤلاء الأفراد مشكلات في فهم وتطبيق القواعد الاجتماعية غير المدوّنة التي تنظّم التفاعل اللغوي، مما يؤدي إلى اضطراب في المحادثات، وسوء تفسير المعاني، وتشويش في التواصل الشفهي وغير الشفهي. وتنعكس هذه الاضطرابات في آثار(ع.ت.ب) بعيدة المدى قد تطال الأداء الأكاديمي، والعلاقات الشخصية، وجودة الحياة الاجتماعية بشكل عام. لا تزال البحوث مستمرة في الكشف عن الأسباب الجوهرية لهذه الظاهرة (ع.ت.ب)، والتي غالبًا ما تتسم بالتعقيد والتداخل بين العوامل البيولوجية والبيئية. الكلمات المفتاحية: عدم التنمية، البراغماتيک، للغة، النظريات، النماذج.

Abstract

This study is conducted as part of the requirements for obtaining the Doctor degree and is entitled “Theories and Models Related to Pragmatic Language Impairment'. It falls within the field of psycholinguistics and aims to analyze the pragmatic Language Impairment by focusing on the processes of language production and comprehension among individuals who exhibit difficulties in pragmatic development—a domain concerned with the use of language in its social and communicative contexts. This occurs despite their possession of an adequate level of formal linguistic abilities, such as phonology, syntax, and semantics. The study particularly examines individuals diagnosed with (PLI). Such individuals encounter challenges in understanding and applying the unwritten social conventions that govern linguistic interaction, leading to disruptions in conversation, misinterpretation of meaning, and confusion in both verbal and nonverbal communication. The implications of (PLI) are far-reaching, potentially affecting academic performance, interpersonal relationships, and overall social quality of life. Research in this field continues to investigate the underlying causes of this phenomenon, which are often characterized by a complex interplay between biological and environmental factors. The present study is organized around five main axes: concepts, types, methodologies, theories, and models related to the development and impairment of pragmatic competence, thereby offering a comprehensive and integrated perspective on the topic. The Central Kurmanji dialect of the Kurdish language has been adopted as the primary linguistic medium for analysis. The research employs a descriptive-analytical methodology in examining both texts and linguistic data. Ultimately, this study provides a general overview of the developmental aspects of (PLI) and draws upon theoretical, historical, and empirical sources to offer an in-depth conceptualization of the dimensions of (PLI).Keywords: Impairment, Pragmatics, Language, Theory, Model.

## المقدمه

: تتألف هذه الدراسة من خمسة محاور رئيسية تشمل: المفاهيم، الأنواع، المنهجيات، النظريات، والنماذج ذات الصلة بتطور واكتساب الكفاءة البراغماتية، مقدّمةً بذلك رؤية شاملة ومتكاملة حول الموضوع. تم اعتماد لهجة الكرمانجي الأوسط من اللغة الكردية بوصفها أداة تحليل لغوي، مع اتباع المنهج الوصفي التحليلي في مقاربة النصوص والبيانات. البحث يقدم رؤية عامة لتطور (ع.ت.ب). كما تستند الدراسة إلى مصادر نظرية، تاريخية وتجريبية، لتقديم تصور معمق حول أبعاد عدم التنمية البراغماتية للغة.

**تیۆر و مۆدێلەکانی پەیوەست بەگەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان**

**پوختە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لەپێداویستییەکانی تێزی دکتورا بە ناونیشانی( گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان). ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبواری زانستی زمانی دەروونیدایە و هەوڵێکە بۆ شیکاری و ڕاڤەکردنی پراگماتیکی زمان، بەخستنەڕووی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە تاکەکانی توشبوو بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان، کە ئارێشەیەکی گەشەسەندنی زمانە و بەکێشەی بەرچاو لە بەکارهێنانی زماندا تایبەتمەندە، سەرەڕای تواناکانی زمانی دروستەیی، تاڕادەیەک تەواو (بۆ نموونە، فۆنۆلۆجی، ڕستەسازی، واتا). تاکەکانی تووشبوو بە (گ.نە.پ) کێشەیان لەگەڵ تێگەیشتن و جێبەجێکردنی یاسا نەنووسراوەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵنگاری لە گفتوگۆکان، لێهاتوویی گێڕانەوە و لێکدانەوەی زمانی ناوشەیی. کاریگەرییەکانی (گ.نە.پ) دوور مەودایە و دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی، پەیوەندی نێوان کەسەکان و باشبوونی سۆزداری هەبێت. توێژینەوە بەردەوامەکان هێشتا سەیری هۆکارە بنەڕەتییەکانی (گ.نە.پ) دەکەن، کە پێدەچێت ئاڵۆز و فرەلایەنە بن، کە هەردوو گۆڕاوە بۆماوەیی و ژینگەییەکان دەگرێتەوە. لێکۆڵینەوەکە لە پێنج تەوەری سسەرەکی پێکدێت. تێیدا مەودا، جۆرەکان، ڕێباز، تیۆر و مۆدێلەکانی بەیوەست بە گەشەنەسەندن و پەککەوتنی پراگماتیکی دەخرێنەڕوو، کە پاشخانێکی گشتگیر دابینەدەکات. لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی بەکارهێنراوە، ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیرەوکراوە. لێکۆڵینەوەکە تێڕوانینێکی گشتی گشتگیر لەگەشەپێدانی(گ.نە.پ)پێشکەشدەکات، بە سوودوەرگرتن لە بەڵگەی تیۆری، مێژوویی و ئەزموونی.

وشەی سەرەکی: گەشەنەسەندن، پراگماتیک، زمان، تیۆری، مۆدێل

١-١/ گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان(Pragmatic Language Impairment)پراگماتیکی زمان، یان پراگماتیک بەشێکی گرنگی زمانەو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بایەخی پێدەدەن، بەکارهێنانی جێنەجێکارانەی زمانە لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا. پراگماتیک، بریتییە لە لێهاتوویی بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی کاریگەر لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەچاوکردنی هەم پێداویستییەکانی گوێگر و هەم دەوروبەرەکە. بەکارهێنانی زمان بۆ ئەرکە جیاوازەکان دەگرێتەوە- وەک داواکاری، دەربڕینی نارەزایەتی و هاوبەشکردنی زانیاریی. لایەنە سەرەکییەکان بریتین لە بەکارهێنانی ئاوازە و شێوازی گونجاو، وەک وتنی 'تکایە' و گونجاندنی زمان بۆ بارودۆخە جیاوازەکان، وەک شوێنی فەرمی لە بەرامبەر دۆخی ئاسایی. جگە لەوەش، پراگماتیک بریتییە لە پابەندبوون بە بەکارهێنانی زمان، یاساکانی گفتوگۆ، توانای گفتوگۆکردن وەک دەستپێکردنی گفتوگۆ، تواناکانی گێڕانەوە، پاراستنی چوارچێوەی بابەت، گونجاندنی زمان بە پشتبەستن بە تەمەن و چوارچێوەی گوێگر، نۆرە و ڕوونکردنەوەی تێنەگەیشتنەکان. (( پراگماتیکی زمانیی لە دیدگای فەلسەفەی زمانەوە بۆ چەندین دیاردە دابەشکراوە، لەپێناو دروستکردنی وێنەیەکی تەواو و پراوپڕ لەسەر چۆنێتی دروستبوونی واتای سەرباز و مەبەست و واتایەکی زیاتر لە واتای سیمانتیکی، کە لەدەوروبەرە جیاوازەکاندا دروسدەبن))(محمود، ٢٠١٧: ٤٣٢ ).

پراگماتیک لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەژێر کاریگەری فەلسەفیدا بوون، چونکە پراگماتیک جەخت لەسەر کاریگەرییە بەرجەستەکراوەکانی زمان لەجیهانی ڕاستەقینەدا دەکاتەوە( Shupin Li, 2017:428 ). لە ژیانی ڕۆژانەدا تاکەکان پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن و بە سادەیی لە یەکتر تێدەگەن بەبێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، کە چۆن لە یەکتر تێدەگەن. بە واتایەکی تر و بە ئاماژەدان بە بیرۆکەکانی ئۆستن و گرایس، بە گشتی، تەنانەت هەندێکجار، شتێک دەوترێت و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مەبەست شتێکی تری لەپشتە. ئەم جیاوازییە لە نێوان ئەوەی دەگوترێت و مەبەست لێیدەوترێت، بیرۆکەی ئۆستن بوو لە تیۆری سەرەتایی خۆیدا لە بواری پراگماتیکدا، ئەویش گریمانەی جێبەجێکەرانە بوو. دواتر گرایس هەوڵیدا تێڕوانینەکە فراوانتر بکات، ئەمەش لە ڕێگەی پەیرەوبەندکردنی شێوازی گواستنەوەی گوێگرێک لە قسەکانەوە بۆ ئەوەی دەبیسترێت، لە ئاستی واتای دەربڕدراوەوە بۆ ئاستی واتا ئاماژەپێکراوەکان. لە ئەنجامدا تیۆرێکی نوێی پەرەپێدا کە بە کاریگەری گفتوگۆیی ناسراوە. دواتر سیرل دەستکاری تیۆری کاریگەریی گفتوگۆیی کرد و زاراوەیەکی نوێی پێشنیازکرد. بۆ نموونە لەبری ئەوەی ماکزیمی شێواز، پەیوەندی و چەندێتی و چۆنێتی هەبن، ماکزیمی کردەوەی گەلاڵەیی، باری ئامادەکاری، باری دڵسۆزی و باری بنچینەیی خستنەڕوو هەیە. ( Thomas, 1995, Hansen & Visconti, 2009, Perkins, 2007,and Alduais,2013 ) پراگماتیک بەکارهێنانی ڕستەکانە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا بەمەبەستی لێکدانەوەی واتای

ڕستەکان لە دەوروبەری دیاریکراودا، چونکە واتا لە پراگماتیکدا بەردەوام لە گۆڕاندایە و جێگیر نییە. هەروەها مەبەست و دەربڕینی قسەکەر وەکیەکنین، هەر لەبەرئەوەیە، کە دەوترێت پێویستە واتای پراگماتیکی بە دەوروبەرەوە ببەسترێتەوە( بڕوانە محمود: ٢٠٠٩ )، ئەم بوارەی لێکۆڵینەوە لە واتا ئاماژەپێکراوەکانی وشە و دەستەواژەکان تێدەپەڕێت، لایەنە زیادەکانی پەیوەندیکردن وەک مەبەستی قسەکەر، پەیوەندییەکانی نێوان قسەکەران، دابونەریتی کولتووری و چوارچێوەی دەستبەجێی دۆخەکە لەبەرچاو دەگرێت (Levinson, 1983). پراگماتیک بریتییە لەو بوارە زمانەوانییەی، کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی گونجاوی زمانەوە هەیە لە چەندین چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، کە لێکدانەوەی وردی مەبەست و ئاماژەکانی قسەکەر بۆ گوێگر دەرەخسێنێت(Berko-Gleason, 2005 لە Amy Philofsky & Fidler, 2007, p. 368)، بەمەش سەرنجدەخاتە سەر دەوروبەر و کارلێکی نێوان قسەکەر و گوێگر، ئەزموونەکانیان لەگەڵ تێگەیشتن لە بەکارهێنانی زماندا تیکەڵدەکات. پراگماتیک بوارێکی فرەلایەنە، تواناکانی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی لەخۆدەگرێت، کە ڕەنگدانەوەی توانا کۆمەڵایەتی، دەروونی و درکپێکردنەکانە، چونکە پراگماتیک توخمە جۆراوجۆرەکان تێکەڵدەکات و هەر ئاریشەیەکی کارکردن لەم لایەنانەدا دەبێتە هۆی خراپی کارامەیی پەیوەندیکردن یان خودی پەیوەندی هەڵە دەبێت. پێرکنز (٢٠٠٧) پراگماتیک بە لێکۆڵینەوە لە کارامەیی زمانەوانی و نازمانی بۆ پەیوەندیکردن پێناسەدەکات( Perkin, 2007:10). پراگماتیکی درکپێکردن بوارێکی سەرنجڕاکێشە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن کارامەییەکانی درکپێکردن لە شوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنان و تێگەیشتنی زمان هەیە. بە پلەی یەکەم پەیوەندی بەو میکانیزمە درکپێکردنانەوە هەیە، کە وامان لێدەکەن لە واتا دەرنەبڕاوەکان، نوکتە، گاڵتەجاڕی و داواکارییە ناڕاستەوخۆکان تێبگەین و شێوازی پەیوەندیکردنمان دەستکاری بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ چوارچێوە و گوێگرە جیاوازەکاندا بگونجێت. تیشک دەخاتە سەر ئەو پرۆسە دەروونیانەی کە لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زماندا لە چوارچێوەی پەیوەندیکردندا بەشدارن، ئەم پێواژۆیانەش بریتین لە ئەنجامدان، تێگەیشتن لە مەبەستەکان و بەکارهێنانی هەردوو پەیوەندی زارەکی و نازارەکی بۆ گەیاندنی واتا. هەروەها تێکەڵکردنی دەوروبەر، قسەکەران و زانیاریی هاوبەش. قسەکەران و زانیاریی هاوبەش.(Cromer R.F(198. گەشەنەسەندنی درکپێکردن دەبێتە هۆی ئاستەنگ لە پەیوەندیکردندا. ئەم گەشەنەسەندنانە وا دەکات، کە تێگەیشتن لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و زمانی وێنەیی و پاراستنی گفتوگۆکان قورس بێت.(( پرسەکان لەگەڵ مانەوە لەسەر بابەت و پەیرەوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە گفتوگۆکاندا سەرهەڵدەدەن)). Nuala Ryder, Eeva Leinonen& Joerg Schulz (2008).کارامەییە پراگماتیکییەکان ڕێگە بە تاکەکان دەدەن بەکارهێنانی زمان بەپێی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕن بۆ گەیاندنی واتا ناڕاستەوخۆکان، کۆدکردنەوەی ئاماژە نازارەکییەکان و بەکارهێنانیان تاکتیکی گفتوگۆی دروستن، کە بۆ پەیوەندیکردنی سەرکەوتوو زۆر گرنگن. کارامەیی پراگماتیک بونیادێکی بنەڕەتییە لە گەشەپێدانی زماندا لە لای منداڵ و گەورە. بە شێوەیەکی ئاسایی ئاماژەیە بۆ توانای بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی کاریگەر لە چوارچێوەیەکدا (Tomas, 1983). ئەم کارامەییانە ئاسانکاری بۆ بەڕێوەبردنی کارلێکە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان و تێگەیشتن لە زمان لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا دەکەن. کارامەیی پراگماتیک توانایەکی دینامیکییە، کە بەردەوام لە وەڵامدانەوەی گۆڕانکارییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکەردا خۆی دەگونجێنێت و پەرەدەستێنێت(Tomas, 1995). گەشەسەندنی پراگماتیکی زمان(PLD )ئاماژەیە بۆ تواناکانی پەیوەندیکردن بە هەردوو شێوەی زارەکی و نازارەکی. توێژینەوەکان لەسەر بەدەستهێنانی زمانی منداڵان دەریدەخەن، کە تواناکانی زمانی پراگماتیک لە یەکەم ساڵی ژیانەوە دەست بە گەشەسەندن دەکەن، کە بە گشتی بۆ گەشەسەندنی زمان زۆر گرنگن( Cummings:2017).

پەرەپێدانی پراگماتیک و بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی کارامەیی پراگماتیک لە سەر بنەمای کارلێکی دوو کارامەیی گرنگ دامەزراوە، ئەوانیش:

١- کارامەیی کۆمەڵایەتی گونجاو، کە لەلایەن ناسینەوەی کۆمەڵایەتییەوە پشتگیریدەکرێت.

٢- شارەزایی زمان: بەهۆی شارەزایی زمانییەوە پەیامەکان بەبەکارهێنانی میکانیزمە پراگماتیکییە گونجاوەکان بەدەستدەهێنرێن ( Tatiana Pereira et al, 2024: p1-2 ).

١/١-١ پراگماتیکی دەماری زانستی زمانی دەماری، لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانیدا سودێکی گرنگ بە زانستی زمانی دەروونیی دەگەیەنێت، جەخت لەسەر پشکنینی مێشک دەکاتەوە وەک ئامرازێک، کە پەیوەندیدارە لەگەڵ زماندا. بەهۆی زانستی زمانی دەمارییەوە دەتوانین بزانین وشە و ڕستەکانی زمان لە چ شوێنێکی مێشکدا هەڵگیراون. نیورۆپراگماتیک، بوارێکە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی مێشک دەکات لە تێگەیشتن و گەیاندنە پراگماتیکەکانی زمان، کە ئەمەش کارێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە گەڕانێکی ورد هەیە. ((توێژەران لێکۆڵینەوە لەوەدەکەن، چۆن بیروباوەڕەکان، زانیاریی و توخمەکانی تر کاریگەرییەکان لەسەر قسەکەرەو گرنگی بە کاریگەرییە درکپێکردنەکان، شوێنە دەمارییەکان، گشتگیربوون، داینامیکی کاتی و کارپێکردنی درکپێکردنی کارامەیی پراگماتیک دەدەن))( Schnell et al :2016). هەروەها نیشانی دەدەن، کە ئامانجی سەرەکی بوارەکە،، لە ڕێگەی ڕێبازێکی

نێوان زانستەکان و پەسنکردنی تۆڕە دەمارییەکانە، کە بەشدارن لە بوونیادنانی واتا لە گوتار و شیکردنەوەی کاریگەرییەکان. جگە لەوەش، (Bambini: 2010) سێ هەژمووونی سەرەکی دەستنیشان دەکات:

١) هەژمووونی ئاریشەی پراگماتیک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان پراگماتیک و مێشک.

٢) هەژمووونی لە ئەناتومی دەماری وجێکەوتەی پراگماتیک لە ڕێگەی میتۆدۆلۆجیای وێنەگرتنی دەمارەوە.

٣) هەڵسەنگاندنی پێواژۆی پراگماتیک لە کاتی ڕاستەقینەدا بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی فیزیۆلۆجی دەمار.

لێکۆڵینەوە لە پراگماتیکی دەماریی هەوڵدەدات هەردوو ڕەفتاری زمانی و نازمانی پراگماتیک سەبارەت بە میکانیزمەکانی پێواژۆکردن، بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە مێشکدا بپشکنێت (Stemmer, 2008). بەکارهێنانی تەکنیکەکانی وێنەگرتن بۆ لێکۆڵینەوە لە تێکچوونی زمانی پراگماتیک ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەپێدانی بواری پراگماتیکی دەماریدا هەبووە (Bambini & Bara, 2010; Stemmer, 2008). توێژینەوەکان لە بواری پراگماتیکە دەمارییەکاندا بە شێوەیەکی گشتی چالاکییەکانی پراگماتیک لە مێشکدا دەپشکنن و بەڵگەیان لەسەرە، کە بەشدارن لە توخم و ڕەفتارەکانی پراگماتیکی زمان (Balconi & Amenta, 2010). پراگماتیکی دەماریی پراگماتیک و دەمارناسی بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە هەمان کاتدا بوارەکانی دیکەش تێکەڵدەکات، کە پزیشکی، دەروونناسی، زمانەوانی و زانستی دەمار و زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێشەنگترین بوارەکانی بابەتن لە پراگماتیکی دەماریدا. بڕوانە( (Ahmed Alduais, Tamara Trivkovic, etl : 2023). هەروەک ئاماژەپێدرا پراگماتیکی زمان بەکارهێنانی شێوازی پەیوەندیکردنی گونجاوە پەیوەست بە کۆزانیاریی کۆمەڵایەتی و فیزیکی ،... هتد ەوە. ئەمەش وەک زانینی ئەوەی چی بڵێیت و چۆن بیڵێیت و کەی بیڵێیت دەگرێتەوە. لە کاتێکدا گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان بارێکە، کە کەسێک لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا هەم بە شێوەی زارەکی و هەم بە شێوەی نازارەکی بەگران پەیوەندییکات.( Mieke P.Ketelaars et al، 2010 : ٢٠٤). گەشەنەسەندنی پراگماتیک پەیوەستە بە پێڕەوی درکپێکردنی مرۆڤەوە(محمود(٢٠١٧:٤٣٤)، لەمەوە گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان بریتییە لە گەشەنەسەندنی توانست و توانای بەکارهێنان، تێگەیشتن و بوونی ئاریشە لە مەبەستی پەیوەندیکردندا بەهۆی گەشەنەسەندنی کارامەیی درکپێکردن، کە لە پەیوەندیکردندا گرنگە( Bishop, 2014). وابیردەکرێتەوە، کە کەسانی توشبوو بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان (گ.ن.پ) بەلانی کەمەوە توشی زەبری دەماریی بچووکی وەک بریندارببوون یان گەشەنەسەندنی پێڕەوی دەمار بەتایبەتی ئاوەز، کارکردنی ئاسایی، جەڵتەی مێشک، هەوکردن، کەمی ئۆکسجین ، بەرکەوتنی ژەهر، یان لە نەخۆشییەکانەوە سەرچاوە دەگرن و کاریگەرییان لەسەر ئاوەز دەبێت( & AL duais et al: 2023, Bambini: 2010, Bambini (Stemmer: 2008 , Hagoort & Levinson:Bara:2022, 2022).گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان بارودۆخیکی ئاڵۆز و بەرفراوانە، گاریگەری لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان لە سەرانسەری جیهاندا هەیە، ئاریشەیەکی فرەلایەنە، کە دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و تواناکانی پەیوەندیکردنی تاک هەبێت( AL duais et al:2023 )، دەبێتە هۆی ئاریشە لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زماندا، ئەو کەسانەی، کە گەشەنەسەندنی زمانییان هەیە، دەشێت لە گەڵ فۆرم، ناوەڕۆک و ئەرکی زماندا کیشەیان هەبێت. دەکرێت بوترێت بارودۆخێکە بە سەختی لە بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی زماندا تایبەتمەنددەکرێت، لێکۆڵینەوە لەگەڵ بوارەکانی زانستی زمانی دەروونی و زمانەوانی دەماریدا تێکەڵبووە( Perkins: 2010 ،Al duais et al: 2010, Cummings: 2021)، زمانەوانی دەروونی لەڕێگەی گرنگیدان بە پێواژۆی درکپێکردنەوە تێڕوانینێکی بەرچاوی لەسەر گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان هەیە، کە بنەڕەتی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمانە( Alduais et al: 2023 ). گەشەنەسەندنی پراگماتیکی دەتوانرێت لە دوو ڕووەوە پێناسەبکرێت:یەکەم: (( لە ڕووی دەربڕینەوە، کەمبوونەوە و گەشەنەسەندنی توانای بەکارهێنانی زمانە بۆ گەیاندنی مەبەستی پەیوەندیکردن بە گوێگر. دووەهەم: لە ڕووی چاوەڕوانی/پێشوازییەوە: بریتییە لە گەشەنەسەندنی توانای وەرگرتنەوەی مەبەستی پەیوەندیکردن لە قسەکەرەوە، کە پاڵنەربووە بۆ بەرهەمهێنانی دەربڕینێک))(Cummings L. ,2021: p198). مەبەستی پەیوەندیکردن بارێکی دەروونییە وەک هەر بارێکی تری دەروونی وەک زانین و باوەڕ و ئارەزوو، بەڵام جۆرێکی تایبەتی دۆخی دەروونیشە لە لایەنێکی گرنگدا. هەموو ئامانجێکی پەیوەندیکردن تەنیا مەبەست ئەوە نییە، کە هەندێک زانیاریی بۆ گوێگر ئاشکرابکات، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، کە ئامانج و مەبەستی زانیاریی لە ڕووی قسەکەروگوێگرەوە دەربکەوێت. (گ.ن.پ) کە بە ئاریشەی تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمان لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا ناسراوە، بوارەکانی پێواژۆی زمان، ناسینی کۆمەڵایەتی و ئەرکە جێبەجێکارەکان دەگرێتەوە. زۆرجار ئەم گەشەنەسەندنانە پەیوەندییان بە تواناکانی زمانەوە هەیە بەبێ بوونی کەموکورییەک لە ئاوەزدا، کە دەتوانرێت بە ( کەڕبوون، ئاریشەکانی ئاوەز، کێشەی هزری یان هۆکارە ژینگەییەکانەوە پەیوەستبکرێت( MeSH n.d.b,:2016).


١/١–٢ گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان (چەمک و تێڕوانین).

گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان (گ.نە.پ) ئاریشەیەکە بە کۆمەڵێک زاراوەی جیاواز ئاماژەپێکراوە و بە درێژایی مێژووی خۆی بە شێوازی جیاواز پێناسەکراوە، ئەمەش پەرەسەندنی تێگەیشتنمان لەم بوارەدا نیشان دەدات. بە فەرمی وەک ئاریشەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی/پراگماتیکی (PSCD) لە چاپی پێنجەمی دەستنووسی دەستنیشانکردن و ئاماری ئاریشە دەروونییەکان (DSM–) ناسێنراوە (American Psychiatric Association 2013). بوونی ئەم ئاریشەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن راپین و ئالینەوە ( ١٩٨٣ Rapin, I.; Allen, D.A) دەستنیشانکرا، کە لە ئاریشەی قسەکردنی گەشەسەندندا پۆلیانکرد و زاراوەی نیشانە واتاسازییە پراگماتیکییەکانیان داهێنا. لە پێشوودا زمانەوانانی قوتابخانەی دروستەیی کێشەیان لەگەڵ لایەنە واتادار و پراگماتیکییەکانی پەیوەندیکردندا هەبوو. ئەمەش بووە هۆی هاتنەئارای زاراوەی گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان (PLI). توێژەرانی دیکە پێیانوایە، کە ناتوانرێت گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان لەگەڵ ئاریشەی زماندا هاوتا بکرێت، چونکە ئەو کەسانەی ئەم ئاریشەیان هەیە، کێشەیان لەگەڵ دروستەی زماندا نییە، بەڵکو کێشەیان لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا هەیە. بڕوانە ( Ahmed Alduais و هاوکارانی: ٢٠٢٣)گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان، کە بەزاراوەی ( Pragmatic Language Impairment) هاتووە، بریتییە لەوەی کەسی توشبوو ڕستە و دەستەواژە فێربووەکان دەخاتە ناو گفتوگۆ و کارلێکەکانی ترەوە، لەو شوێنانەی هیچ واتایەکیان نییە دووبارە و چەندبارە بەکاریاندەهێنن، یاخود شێوازی قسەکردنی نائاساییە و زیادەڕەوی کردنە لە قسەکردندا. هەروەها ئاریشەی گەشەی زمان DLD (Develop of Language Disorder)، کە بە ئاریشەی گەشەسەندنی زمان ناسراوە بەدواکەوتنی زمان، یان نارێکی پەرەسەندن ناوزەد کراوە. یەکێکە لە باوترین ئاریشەکانی گەشەسەندن. لەکاتێکدا گەشەنەسەندنی تایبەتی زمان (SLI) ( Specific Language Impairment ) بە ئاریشەی تایبەتی زمان ناوزەدکراوە. زاراوەی گەشەنەسەندنی زمانی پەسندترە، چونکە لەکاتی دەستنیشانکردنی جۆرەکانیدا ، کە زمانی منداڵەکە بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە نەکات و کێشەکان بە گەشەیەکی گشتی خاو، نائاسایی جەستەیی کۆئەندامی دەنگ، ئاپراکسیا، ئاریشەی کۆنیشانەی ئۆتیزم هەبێت، ناتوانرێت روون بکرێتەوە. گەشەنەسەندنی تایبەتی زمان (SLI) لێکۆڵینەوە لە ئاریشەدابراوەکانی دروستەی زمانی منداڵ دەکات، لە کاتێکدا گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان (گ.ن.پ) کێشەی بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی دەوروبەردا لەخۆدەگرێت. هەرچەندە لێکۆڵینەوەکانی ئێستا ئاماژە بە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان لێهاتوویی پراگماتیک و کێشەکانی رەفتاردا دەکەن، بەڵام توێژینەوەکان بە پلەی یەکەم لەسەر نموونەکانی (SLI)ی کلینیکی چڕبوونەتەوە، ئەمەش پەیوەندی نێوان پرسەکانی زمانی پراگماتیک و کێشە تایبەتەکانی رەفتارتارادەیەکی زۆر نەدۆزراوەتەوە.( Mieke P. Ketelaars, et al: 2010:204). کاتێک گەشەی زمانی منداڵ بەبێ هیچ هۆکارێکی ناسراو ڕێڕەوی ئاسایی گەشەسەندن پەیڕەونەکات، گەشەنەسەندنی تایبەتی زمان (گ.ن.ت) دەستنیشاندەکرێت. لە بەرامبەردا، گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمانی (گ.ن.پ) ئاماژەیە بۆ ئەو منداڵانەی، کە کێشەیەکی بەرچاویان لە بەکارهێنانی زماندا هەیە.((زمانەوانە دەروونی و دەمارییەکان لەبوونی گەشەنەسەندنی ئەرکی پراگماتیکیدا زاراوەی (پراگماتیکی دەماریی) پێشنیازدەکەن))(محمود، ٤٣٤: ٢٠١٧). توێژەران لەسەر چەمکی گەشەنەسەندنی زمانی پراگماتیک (PLI) کۆکنین، کە دەبێتە هۆی بەکارهێنانی هەندێک چەمک، بەناوبانگترینیان بریتین لە ئاریشەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (پراگماتیک)(٢٠١٤ ، ٢٠١٦ : Norbury, C.F)(٢٠١٤: Swineford, L.B. )، ئاریشەی سیمانتیک-پراگماتیک (Rapin, I.; Allen: 1983, 1987,1998) و ئاریشەی پراگماتیک ( Cummings, L:2015.). گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەرچەندە زانیاریی زۆر لەسەر ئاریشەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە دروستبووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە هەوڵیانداوە کۆدەنگییەک دروستبکەن و ئامرازی باشتر بۆ دەستنیشانکردن، هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنی ئاریشەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پەرەپێبدەن.( ٢٠٢٣ Alduais& Alfadda & et al ). وەک دەبینین مشتومڕ لەسەر زاراوەی گەشەنەسەندنی پراگماتیک بەردەوامە، زاراوەی وەک گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان، ئاریشەی پراگماتیکی زمان و ئاریشەی واتا-پراگماتیک بە شێوەیەکی گۆڕاو بەکاردەهێنرێن. ئەم جیاکارییە گرنگە، چونکە پراگماتیکی زمانەوانی (بۆ نموونە دەربڕینەکانی وەک ڕازیکردن) لە پراگماتیکی نازمانی (بۆ نموونە زمانی جەستە و ئاماژەکان) جیا دەکاتەوە( Alduais,2013:34) . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی زاراوە هاوواتاکان بۆ گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان، بڕوانە( Alduais & Alfadda, 2023: p9) پراگماتیک و گەشەنەسەندنەکانی وەک بوارێکی لێکۆڵینەوە لە زماندا سەریهەڵداوە، لە سەرەتادا بەناوی ئاریشەی کورتهێنانی (واتا-پراگماتیک) هاتووەتەئاراوە، ((بەمەبەستی باسکردنی ئەو منداڵانەی، کە کێشەیان لە دۆزینەوەی وشەکان و گفتوگۆکردندا هەیە، لەوانەش خراپ پاراستنی بابەتەکان)) (Rapin& Allen :١٩٨٣). لە پۆلکردنیان بۆ نارێکی قۆناغی (گەشەنەسەندنی زمان)، کە ئۆتیزمی لەخۆگرتبوو، ئەو بابەتەیان جیاکردەوە و پەسنیانکرد، کە ناویان لێنابوو "نیشانەکانی واتا-پراگماتیکی بەبێ ئۆتیزم" ( Bishop وهاوکارانی2008 ,Cummings, 1994, Timler) & Moris, 2021). بیشۆپ و ڕۆزنبلوم زاراوەی ئاریشەی واتا-پراگماتیکی (SPD)یان بۆ پەسنکردنی کێشەکانی پەیوەست بە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمان بەکارهێناوە ، بەم پێیەش تاکەکان لەگەڵ ئاریشەی کۆنیشانەی ئۆتیزم (ASD)

یان هەر حاڵەتێکی تر، کە هۆکارێکی ناسراوی هەبێت لەم زاراوەیەدا بەشدار نەبوون ( Ketelaars & Embrechts, 2017; Whitehouse, 2021). هەروەها بیشۆپ و ڕۆزنبلوم (Bishop and Rosenbloom) گەشەنەسەندنی پراگماتیکی واتاییان بە نوێنەرایەتی پۆلێکی جیاواز زانی لە شوێنێک لە نێوان ASD و گەشەنەسەندنی تایبەتی زمان (SLI) (Norbury, 2014a). هەرچەندە ڕێژمانیان وردە و لە ڕووی زارەکییەوە شارەزان، بەڵام ئەو تاکانەی، کە گەشەنەسەندنی پراگماتیکی واتایان هەیە، لە بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا کێشەیان هەیە (Adams et al., 2011; Adams & Bishop, 1989)گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان( گ.ن.پ) لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بە جێگیربوون لە توێژینەوە و چارەسەرە کلینیکییەکان کردووە، چەندین لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکانەوە ئەنجامدراون بۆ چەمکسازی، هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی گ.ن.پ(Alduais & Wendt, 2021)، بەڵام ناڕوونی و ئاڵۆزی بوارەکە بووەتە هۆی سەرلێشێواوی لە نێوان کۆمەڵگەی توێژینەوەکان، وایکردووە، کە هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی (گ.ن.پ) بە شێوەیەکی گونجاو بۆ پزیشکانی کلینیکی و توێژەران گران بێت (Alduais, Majorano, Andres-Roqueta, et al., 2022; Bishop & McDonald, 2009). نەبوونی ئەم ڕوونییە بووەتە هۆی گفتوگۆیەکی درێژخایەن لەسەر ئەوەی، کە ئایا PLI بە جۆرێکی SLI، گەشەنەسەندنی زمان دابنرێت، یان یەکەیەکی دیاریکردنی جیا هەژماربکرێت (Alduais, Majorano, Andres-Roqueta, et al., 2022; لەکاتێکدا هەندێک لە تیۆرە پراگماتیکییەکان سەرنجیان لەسەر پەیوەندیکردن بەگشتی و پێواژۆی درکپێکردنی مرۆڤە، کە پەیوەندیکردن چالاکدەکەن، هەندێکی تر سەرنجیان لەسەر زمان و ئامانجی پەیوەندیکردنی توخمە تایبەتەکانە (Jucker, 1995). جگە لەوەی، کە نیشانەیەکی باوی SLI یە،(( PLI پەیوەندی بە ئاریشەکانی دیکەی وەک ئۆتیزم، نیشانەکانی ئاسپێرگەر، گەشەنەسەندنی گەشەسەندنی بەربڵاو، کەمئەندامی فێربوونی نازارەکی، بریندارببوونی مێشک و ئاریشەکانی تری گەشەسەندنەوە هەیە)) (Andr es-Roqueta & Katsos, 2017; ماتیۆس و هاوکارانی، ٢٠١٨). هەروەها هەندێکی تر گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان وەک گەشەنەسەندنی زمانی گەشەسەندووی جیاواز، نەک تەنها ئاماژەیەک بۆ ئاریشەیەکی دیکە سەیردەکەن( Cummings, 2009; Meibauer & Steinbach, 2011; Simms, 2007). بلومفیڵد (١٩٣٣) (وەک لە Camarata, 2014 ئاماژەی پێکراوە) ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەدڵنیاییەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بونیادێکی زمانەوانییە و مەرجنییە گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان دەرکەوتنی ئاریشەی کۆنیشانەی ئۆتیزم بێت.

هەندێک لە لێکۆڵەران پێشنیازیانکردووە بۆ ئەو منداڵانەی، کە گەشەنەسەندنی گەشەسەندن و کێشەی پراگماتیکیان هەیە، لەوانەیە وەک تووشبوو بە نارێکی پراگماتیک پۆلبکرێن، کە وەک ئافازیا و نارێکی گەشەسەندن وایە (Alduais, 2013). بەو پێیەی، کە ئاریشە پراگماتیکییەکان هیچ جیاکارییەک لەو کەسانە نیشانادەن، کە تووشی دەبن. هەروەها پێشنیازکراوە، کە گەشەنەسەندنی پراگماتیکیی زمان لە ڕوانگەی تەمەنەوە دەستنیشاندەکرێت (Cummings, 2014a).

١/١- ٣ مەودای گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان وەک پێشتر ئاماژەپێدرا، ئەم ئاریشەیە نیشانە سەرەکییەکانی بریتین لە کێشەی واتایی و پراگماتیکی، کە بەهۆکاری دەروونی،دەماری دروستبوون، وەک ئاریشەی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیی زارەکی و نازارەکی دەردەکەون (Embrechts, M.T.J.A., 2017:39) ( Ketelaars, M.P.; . تێکچوونی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی ئاماژەیە بۆ سەختی بەکارهێنانی زمان و ئاماژەکان لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا. پەیوەندی بە توانای قسەکردن، تێگەیشتن یان ناسینەوەی ئاماژەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەکارهێنانی دروستی ئەو ئامرازانەوە هەیە لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. بۆ نموونە پەیوەندی زارەکی نەک تەنها قسەکردن، بەڵکو بەکارهێنانی تۆن ، دەنگ و خێرایی گونجاوە بۆ دۆخەکە. کەسی نابینا دەتوانێت لە ژینگەیەکی بێدەنگدا بە دەنگی بەرز قسەبکات، یان لە گفتوگۆیەکی نافەرمیدا تۆنێکی فەرمی بەکاربهێنێت. کەسێک لەم جۆرە خاوەن پێداویستییە تایبەتە لە کاتی قسەکردندا ناتوانێت لە واتای هەندێک دەربڕین، یان ئاماژەکانی دەموچاو تێبگات. دەتوانێت زۆر لە کەسێکەوە نزیکببێتەوە، ڕێز لە فەزای کەسی نەگرێت یان ئاماژەی گونجاو بەکارنەهێنێت، ئەم گرفتەش بەزۆری لەگەڵ قسەکردندایە، دەبێتە هۆی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئاریشەدار یان تێنەگەیشتن. بڕوانە ( Alduais A. 2021, 2022,2023.مەودای گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان لە سێ کارامەیی گرنگی پراگماتیکی زمان دەکۆڵێتەوە، کە زۆرجار لە منداڵان و گەورەساڵانی تووشبوو بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکدا ئاریشەداردەبن. ئەو سێ کارامەییەی کە باسیان لێوەدەکرێت بریتین لە (١)لێکدانەوەی واتا/بەخشکەی، (٢)بەکارهێنانی ئاماژە و (٣) بەڕێوەبردنی زانیارییەکان. . لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن کارامەییەکانی دەروونی پەیوەندییان بەم توانایانەوە هەیە. هەروەها باس لە کاریگەرییەکانی گەشەنەسەندن لەسەر پراگماتیکی زمان و ئاریشە پەیوەندیدارەکانی گەشەسەندنی دەمار دەکات. زانیارییەکانی منداڵان و گەورەساڵانی تووشبوو بەم ئاریشانە بەکاردەهێنرێن بۆ وێناکردنی کاریگەرییەکانی ئاریشەی کارکردنی پراگماتیک لەسەر زمان و پەیوەندیکردن ( Cummings, 2021: p196.).




هێڵکاری ( ١ ) کارامەییەکانی پراگماتیکی زمان

١- بەخشکەیی( Implicature)بەخشکەیی ڕاهێنانێکە لە هزردا. بوارێکی گرنگی گەشەسەندنی پراگماتیکە. لێکۆڵینەوە لە بەخشکەیی، ئارێشەی کارکردنی پراگماتیکی بەرچاو لە بارودۆخە کلینیکیە جیاوازەکاندا ئاشکرا دەکات. (Hasegawa, & Wanner ,Hatta: 2004) هاسێگاوا، وانەرو هاتا دەریانخست ئەو نەخۆشانەی، کە ئارێشەی نیوەگۆی چەپ و ڕاستیان هەبووە، لە کاریگەرییە گۆڕاوەکان خراپتر بوون لە چاو کۆنترۆڵکراوەکاندا، لەگەڵ پرسیارە ڕاستەوخۆکان، کە ئاسانترە بۆ تێگەیشتن باشتربوون بە بەرانبەر ڕەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆ. (Tényi et al: 2002). ئاماژەیان بەوە کردووە، کە نەخۆشانی تووشبوو بە شیزۆفرینیای پارانۆید هەڵەی زیاتریان کردووە لە کاتی ئەو ئەرکانەی، کە پێویستیان بە حوکمدان هەیە سەبارەت بە پێشێلکردنی ماکزیمی گفتوگۆیی. بە تایبەتی کاریگەرییە/بەخشکەییە چەندێتییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە: (Spotorno et al: 2015). سەرەڕای ئەوەش، لە لێکۆڵینەوەیەکی مولەر و هاوکارانیدا(٢٠١٠) بۆ کەسانی تووشبووی توندی بە زەبری سەر لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەنجامە پراگماتیکییەکان و تیۆری هزرکراوە.

٢- ئاماژە (Reference)ئاماژە بەکارهێنانی فۆرمەکانی زمانە وەک دەربڕینی ئاماژە بۆ ناسینەوەی شتەکان و ئەنجام وەک پەیوەندی زانینی پێشوو بۆ تێگەیشتن لە واتا ئاماژەپێکراوەکان لە دەرەوەی ئەوەی ڕاستەوخۆ دەوترێت پێناسە دەکرێت. ئاماژەکردن بە مرۆڤ و شوێن و ڕووداوەکان لە ڕێگەی زمانەوە، شارەزایی دەروونیش دەگرێتەوە. ئاماژەپێدەری مەودای بەرفراوانی دەربڕینی زمانی دەبێت بەشێک بێت لە نوێنەرایەتیی دەروونی گوێگر بۆجیهان بۆ ئەوەی ئاماژەبێت. ئاماژە بە شتێک پێناسە دەکرێت، کە قسەکەر دەیڵێت یان دەینووسێت، باسی شتێک یان کەسێکی تر دەکات (Oxford Advanced Learner Dictionary, 8th Edition),(Yule,1997) بە کردارێک پێناسەی کردووە، کە تێیدا پەیوەندیکەر فۆرمەکانی زمانەوانی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بەو پەیوەندییە گوێگر بەرەو ناسینەوەی شتێک ببات، (Sullivan ,Allan & Jaszczolt, 2012)) پەسنیان کردووە، کە لە نێوان بەکارهێنانی دەربڕینێکی زمانەوانی و ئەوەی کە نوێنەرایەتی دەکات یان ئاماژەی پێدەکات، هەیە. ئاماژە و ئەنجام چەمکێکن، کە چۆن واتاکان لەلایەن قسەکەرەوە لە ڕێگەی دەربڕینی زمانەوانییەوە دەردەکەون و دواتر لە گوێگرەکانەوە دەردەهێنرێن (لێکدەدرێنەوە)، ئەو دەربڕینانەی بۆ گەیاندنی واتا بەکاردەهێنرێن هەمیشە بە ڕوونی ئەو شتە دەرنابڕن، کە ئاماژەی پێدەکەن، واتایەک لە پشت واتاکەوە هەیە. ئەم واتایانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژێر کاریگەری زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگادان. دەتوانین بۆ ئاماژەدان وشە، دەستەواژە، ناو و تەنانەت ڕستەش بەکاربهێنین، بەڵام دەوروبەرەکە دیاریدەکات، کە واتاکە بە دروستی لەلایەن گوێگرەوە تێگەیشتووە. لە چوارچێوەی ئاماژە و ئەنجامدا، لە بەکارهێنانی ئاماژەیی و تایبەتمەندی دەکۆڵرێتەوە.(Muhammad Zuhri Fakhruddin, 2018: p3-5). زاراوەی "ئەنجام" بە شێوەیەکی جیاواز پێناسە دەکرێت. هەندێک دەڵێن، کە ئەنجامەکان کاریگەرین (Davis1998: 124 و Griffiths 2006: 9). بەڵام وەک توماس ( Tomas, 1995:58) ئاماژەپێیدەکات، بۆچوونی باڵادەست بەخشکەییەکان بۆ قسەکەران و ئەنجامەکان بۆ گوێگران دیاریدەکەن. بەڵام لە پراکتیکدا نەسەلمێنراوە و ناتوانرێت بسەلمێنرێت، کە کێ لە ئاراستەی هەستەکەدا زاڵە: قسەکەر یان گوێگر. گرایس (١٩٥٧) بە ڕوونی ڕێگە بە قسەکەر دەدات تا ڕادەیەک، کە تەنانەت ئەگەر لە باسێکەوە تێنەگەیشتنێک سەرهەڵبدات، دەتوانرێت پرسیار لە قسەکەر بکرێت سەبارەت بە مەبەستەکەی و بەم شێوەیە ناڕوونییەکە نامێنێت.(Deixis) نیشانە پراگماتیکییەکان بەشێکی دانەبڕاون لە کارامەیی پراگماتیکی بەکارهێنەرانی زمان. (( بۆ ڕونکردنەوەی کردەکانی لێکگەیشتن و گەیاندنی مەبەستی دەربڕاوەکان لە نێوان قسەکەر و گوێگردا پەنا دەبرێتە بەر نیشانە پراگماتیکییەکان و دەوروبەر))(محمود، ٢٠٠٩: ٢١). دەربڕینە زمانەوانییەکان، کە وەک نیشانە دەستنیشانکراون "پەسنکردنی بوونەکانە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، زمانەوانی یان فەزایی فراوانتری قسەکردنێکدا" (Cummings L. 2005: P22). بەم شێوەیە قسەکەر دەتوانێت ئاماژە بەوە بکات، کە کەسێکی دیاریکراو وەرگری مەبەستداراوە لە تێبینییەکانیدا بە وتنی "تۆ لە پشت مێزەکەوە بوووەستە" (نیشانەی پراگماتیکی کەسی)، لەنموونەی "ساقە لێرە دەژی" (نیشانەی پراگماتیکی شوێن) ئاماژەی پێکراوە، کە ڕووداوێک لە خاڵێکی دیاریکراودا لە کاتدا ڕوودەدات لە نموونەی "باوکم هەفتەی داهاتوو دەڕوات" ( نیشانەی پراگماتیکی کاتی)، کە دەرهاویشتەیەکی تایبەتی کاتە. لە نموونەی " من ئەم ئارگیومێنتەم ڕەتکردەوە

له کۆتا بابەتدا" (نیشانەی دەق) ئاماژەی پێکراوە، کە هەندێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی، وەک ئەم نموونانە نیشاندەدەن، کۆمەڵێک دەربڕین ئەرکێکی نیشانەییان هەیە، لەوانە جێگرەوەی کەسی (بۆ نموونە "من"، "تۆ")، نیشانەی کات (بۆ نموونە "ئەمڕۆ"،"سبەی")، نیشانەی شوێن ( بۆ نموونە "لێرە"، "لێرە")، نیشاندەرەکان (بۆ نموونە "ئەمە"، "ئەوە")، سیفاتەکان (بۆ نموونە "یەکەم"، "کۆتا") و کردارەکان (بۆ نموونە "وەرە"، "بێنن"). دەربڕینەکان دەتوانن زیاتر لە یەک ئەرکی نیشانە بەجێبهێنن. بۆ نموونە لە دەربڕینەکانی "لە بابەتی داهاتوودا ئەم قسەیە لەبەرچاو دەگرم" و "هەفتەی داهاتوو بەرەو هەولێر دەڕۆین"، ئاوەڵکرداری "پاشان" بە ڕێککەوت ئەرکێکی نیشانەیی قسەکردن و کردەیەکی نیشانەیی کات بەدیدەهێنێت. بۆ بەکارهێنانی ئەم دەربڕینانە بە شێوەیەکی دروست لە دەربڕینەکاندا، قسەکەر دەبێت زیاتر لەوە بکات، کە تەنها هەندێک هەڵبژاردنی وشەیی بکات. دەبێت بتوانێت تایبەتمەندییە دیارەکان لە جۆرە جیاوازەکانی دەوروبەردا دابنێت و ئەم تایبەتمەندییانە بە زمان کۆد بکات. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت(( کە گەشەنەسەندنی پراگماتیک کێشەی لەگەڵ ئەو جۆرە دەربڕینانەدا هەبێت، کە پراگماتیسەکان لە ژێر زاراوەی نیشانەی پراگماتیکیدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن))(Cummings L. 2012: 11).

٣- بەڕێوەبردنی زانیاریی (Information Management )بەڕێوەبردنی زانیاریی توخمێکی گرنگی کارامەیی گفتوگۆکردنە، لە ڕێگەی شێوازە پێکهاتەدارەکانەوە شیکاردەکرێت وەک یەکەی ئاوازە، کە لەلایەن مێنتیس و پرۆتینگ (Mentis and Prutting 1991) پێناسە کراوە. هەر یەکەیەکی ئاوازەی بەرهەمهێنانی چەمکەکان دەپێوێت. یەکەکانی ئینتوناسیۆنی ئایدۆلۆجی چەمکێک سنوردار دەکەن، کە چۆن زانیاریی لە کاتی گفتوگۆدا بەشداری لە بابەتەکاندا دەکات ، یەکە ئایدۆلۆجییەکان بەپێی بەشداریکردنی زانیارییەکانیان لە بابەتەکەدا لە کاتی کارلێکی گفتوگۆدا پۆل دەکرێن. ڕێبازێکی دیکەی پێکهاتەدار بۆ لێکۆڵینەوە لە بەڕێوەبردنی زانیارییەکان بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی پێشکەشکردنی بابەتەکە و گۆڕینی بابەتەکە لە کاتی گفتوگۆدا. ((دەتوانرێت بابەتەکان بەم شێوەیە پۆلدەکرێن (١) هاتنە ژوورەوەیەکی نوێ کاتێک بابەتێکی نوێ دەناسێنرێت، (٢) گۆڕانکارییەکی نەرم کاتێک بابەتەکە بە شێوەیەکی نادیار دەگۆڕدرێت. (٣) گۆڕانکارییەکی تێکدەر کاتێک بابەتەکە لەناکاو، یان بە شێوەیەکی نالۆجیکی لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕدرێت)) (Brinton & Fujiki, 1989)). توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو کەسانەی برینداربوونی مێشک (TBI)یان هەیە زۆرجار بە شێوەیەکی کاریگەر کێشەیان لەگەڵ دەستپێکردن و بەڕێوەبردنی زانیارییەکاندا هەیە ( Coelho, Ylvisaker, & Turkstra, 2005)ئاشکرایە پەیوەندی کاریگەر پێویستی بە قسەکەران هەیە، کە زانیارییەکانی پێشووی گوێگر هەڵسەنگێنن و زانیاریی نوێی گونجاو بە ڕێکوپێکییەکی لۆجیکی پێشکەشبکەن. بەبێ ئەم توانا هزرییە، ڕەنگە قسەکەران زانیارییە ناسراوەکان دووبارەبکەنەوە، وردەکارییە نوێیە بنەڕەتییەکان بەجێبهێڵن، کە لە ئەنجامدا ئاخاوتنی زانیاریی ناچارەسەرکراوی لێدەکەوێتەوە. جگە لەوەش، ئەو قسەکەرانەی کە کورتهێنانی هزرییان هەیە، لەوانەیە کێشەیان هەبێت لەبەستنەوەی زانیارییە نوێیەکان بە شێوەیەکی کاریگەر یان بە ڕێکوپێکییەکی یەکگرتوو پێشکەشیانبکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی گێڕانەوەی تەسکی یان نارێکخراو. دامەزراندنی پەیوەندی کاتی و هۆکارەکان لە نێوان ڕووداوەکاندا بۆ تێگەیشتن زۆر گرنگە؛ نەکردنی ئەمە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و گوتاری نالۆجیکی. ((ئەمەش پێویستی بەوەیە، کە قسەکەر ئەو پەیوەندییە کاتی و هۆکارانە دیاریبکات، کە لە نێوان ڕووداوەکاندا هەن و دەستبکات بە بوونیادنانی ئەم پەیوەندییانە لەناو بارە باوەڕییەکانی گوێگردا. کاتێک ئەمە ڕوونەدات، ڕەنگە قسەکەرێک ڕووداوێک لە چیرۆکێکدا بگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی سەرەتا پێشینە هۆکارەکانی جێگیربکات، لەمەشەوە گوێگر ناتوانێت لەوە تێبگات، کە بۆچی ئەو ڕووداوەی باسی لێوەدەکرێت هاتەئاراوە. هەروەها کاتێک قسەکەرێک شکستدەهێنێت لە بوونیادنانی پەیوەندییە کاتییەکانی نێوان ڕووداوەکان لە بارەکانی بیروباوەڕی گوێگرێکدا، گێڕانەوەیەک یان فۆرمێکی درێژکراوەی تری گوتار ڕەنگە نارێکخراو و نالۆجیکی دەرکەوێت))(Cumming, L. 2021: p201).گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان، کە لە منداڵ و گەورەساڵاندا دەبینرێت، لایەنە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن تێکدەدات، لەوانە وەرگرتنی بەخشکەییەکان، ئاماژە و بەڕێوەبردنی زانیاریی. بەڕێوەبردنی بابەتەکان زۆر پشت بە توانا هزرییەکان دەبەستێت. هەڵبژاردنی بابەتێکی کاریگەر پێویستی بەوەیە، کە قسەکەرێک بەرژەوەندییەکانی گوێگر دەربخات، کارامەییەکی درکپێکردن، کە تێگەیشتن لە باری دەروونی گوێگر ڕەنگدەداتەوە. هەڵبژاردنی خراپی بابەتەکان دەتوانێت ببێتە هۆی کۆتایهێنان بە پەیوەندییەکان/ئاخاوتنەکان، کە لە ڕێگەی ئاماژەی نازارەکی وەک دەربڕینی دەموچاو و دۆخی جەستەوە دەگەیەنرێت، بەڵام بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی ئەم ئاماژانە بەندە بە توانای قسەکەر بۆ لێکدانەوەی بارە دەروونییەکانی گوێگر، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەوەیە، کە ئایا بابەتەکە بە سەرنجڕاکێشی دەمێنێتەوە یان نا.

**٤-٣/١ جۆرەکانی گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان** گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان دەتوانێت بە تەنیا ڕووبدات، بەڵام زۆرجار پەیوەستە بە نەخۆشییەکانی تر و پرسەکانی زمانەوە. ئەم خشتەیەی خوارەوە نیشانی دەدات، کە ( گ.نە.پ) چەندە باوە لە نێوان نیشانە جیاوازەکاندا و هۆکارە جیاوازەکانی پەیوەست بە هەریەکەیان دیاریدەکات.

| جۆری گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان | هۆکاری بنەڕەتی |
| --- | --- |
| گەشەنەسەندنی پراگماتیکی/ سەرەتایی | ئاریشەی کارکردنی درکپێکردن<br>هۆکاربەندی<br>تیۆری هزر<br>دەستبەسەرداگرتنی ئەرکی<br>یادگە/ سۆز و هەڵوێست |
| گەشەنەسەندی پراگماتیکی زمان /ناوەند | أ) ئاریشەی کارکردنی زمانەوانی<br>فۆنۆلۆجی/مۆرفۆلۆجی/ڕستەسازی<br>لێکسیس(کۆگای وشەکان لە زمانێکدا)<br>پرۆسۆدی (ئاوازی قسەکردن)<br>گوتار<br>ب) ئاریشەی کارکردنی هەستەوەری جووڵەیی<br>تێگەیشتنی بیستن/تێگەیشتنی بینراو<br>بزوێنەر/توانای قسەکردن |
| گەشەنەسەندنی پراگماتیکی ئاڵۆز | |

خشتەی ( ١) جۆرەکانی( گ.نە.پ) و هۆکارەکانیان. وەرگیراوە لە( Alduais, 2013B: 40).

2/١ تیۆر و مۆدێلەکانی پەیوەست بەگەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان سەبارەت بە ستراتیجی گونجاو بۆ لێکدانەوە و باشترکردنی تواناکانی پراگماتیکی زمان لە کەسانی تووشبوو بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان، بۆچوونی جیاواز هەیە. چۆنێتی و کاتی گەشەنەسەندنی لێهاتووییە پراگماتیکییەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە بە تایبەت لە کاتی ڕوودانی گەشەنەسەندنەکە یان وەستانی بەکارهێنانی، چونکە دوو جۆر ئاریشەی پراگماتیکی هەیە(ئاریشەی زمانی گەشەسەندوو– DLD ) و ( ئاریشەی زمانی بەدەستهاتوو)، یەکەمیان پەیوەندی بە گەشەسەندنی منداڵەوە هەیە لە سەرەتاکانی تەمەنییەوە، دووهەمشیان پەیوەندی بەو بارودۆخانەوە هەیە، کە کتوپڕین و کەسەکان لەسەرەتای گەشەسەندنییانەوە گرفتیانەبووە، بەڵام بەهۆی هۆکارێک لەهۆکارەکانی ڕوودانی گەشەنەسەندنی پراگماتیکییەوە ناتوانن تێگەیشتن و بەرهەمهێنانێکی پراوپڕیان بۆ کۆزانیارییە پراگماتیکییەکان هەبێت(محمود، ٢٠١٧:٤٤٤). لەم توێژینەوەیەداگرنگترین ڕێباز ، تیۆری و مۆدێلەکان دەخرێنەڕوو.


١/٢-١ ڕێبازەکانی گەشەنەسەندن و پەککەوتنی پراگماتیکی زمان.ڕێبازەکان بۆ گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان بە ئاریشە لە کارامەییەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێت، لەوانە ئەنجامدان، تێگەیشتن لە زمانی وێنەیی و پابەندبوون بە دابونەریتی گفتوگۆکردن، کە زۆرجار لە بارودۆخەکانی وەک ئاریشەی کۆنیشانەی ئۆتیزم و گەشەنەسەندنی تایبەتی زماندا بەدیدەکرێت. بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ستراتیجی گونجاو بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی پراگماتیکی زمان لە کەسانی تووشبوو بە(گ.نە.پ) (Adams et al., 2012; Adams & Gaile, 2020; Tierney et al., 2014).

١- ڕێبازە ڕەفتارییەکان Behavioural Approaches ڕێبازی ڕەفتاری سەرەتا لەڕوانگەی هەژێنەر و وەڵامدانەوەوە بەشێوەیەکی ئامێریانە لێکدانەوەیان بۆ کەرەستەکانی زمان دەکرد، واتا لەو کاتەدایە، کە قسەکەر وروژێنەرێک دەردەبڕێت و لەبەرامبەردا گوێگر وەڵامدانەوەی دەبێت، جا ئەو وەڵامدانەوەیە زمانی بێت یان نازمانیی. دواترئۆسکۆدوسیبووک ( Osgood , Sebook) لە چوارچێوەی زمانەوانی دەروونیدا لێکدانەوەیەکی نوێیان بۆ پەیوەندییە دوالیزمییەکەی ڕەفتارییەکان زیادکرد، لەڕێگەی زیادکردنی گۆشەیەکی ترەوە، کە خۆی لە (واتا)دا دەبینێتەوە، وەک ئەڵقەیەکی نێوەند لە نیوان هێما و سەرچاوەدا(محمود،٢٠١٢:٥١). ئەم ڕێبازە لە فێربوونی زمان دەکۆڵێتەوە وەک هەر ڕەفتارێکی دەرەکی هاوشێوەی هەموو ڕەفتارە داینامیکییەکانی تری مرۆڤ. بەپێی ئەم قوتابخانەیە سێ جۆر فێربوون جیاکراوەتەوە، کە فێربوونی کۆمەڵایەتی، فێربوونی مەرجی کلاسیکی و فیربوونی مەرجی ئەزمونبەندکارین.ئامانجی **ڕێبازە** ڕەفتارییەکان بەهێزکردن و ڕاهێنانی کارامەییەکانی زمانی نوێی مرۆڤەکانە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە، فیدباک و بەهێزکردنی ئەرێنی. ئەم ڕێبازانە کارامەیی زمانی تایبەت دەکەنە ئامانج، وەک ڕێزمان یان وشەسازی ئالدویز وماجیرانۆو


ئاندریس( Aldauis, Majorano, Andrees-Roqueta, et al: 2022 )، کاریگەری بۆ باشترکردنی ڕێزمان نیشاندەدەن، لە کاتێکدا کارسەر (Carruthers et al, 2021 ) کاریگەری خۆیان لە وشەسازیدا نیشاندەدەن.بۆستر ( Boster et al, 2021 ) بۆ باشترکردنی تێگەیشتن لە بەرهەمهێنانی زمان، جەخت لەسەر کاریگەریی **ڕێبازی** ڕەفتاریی دەکەنەوە. ئەم ڕێبازە بەسوودە بۆ بەهێزکردن و داڕشتنی تواناکانی زمانی نوێ، باشترکردنی ڕێزمان، وشەسازی، تێگەیشتن و بەرهەمهێنان.

٢- ڕێبازە پراگماتیکییە کۆمەڵایەتییەکان Social-Pragmatic Approaches ڕێبازی پراگماتیکی کۆمەڵایەتی ڕێبازێکە لە فێربوون و بەکارهێنانی زماندا، شێوازە پراگماتیکییە کۆمەڵایەتییەکان تیشک دەخەنە سەر گرنگیی دەوروبەر و کارلێکی کۆمەڵایەتی. ئەم ڕێبازە پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە منداڵان فێری قسەکردن دەبن بە گرنگیدان و بەشداریکردن لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، تێگەیشتن لە ئامانجە پەیوەندیدارەکان و دەستکاریکردنی زمانەکەیان بەپێی چوارچێوە، نەک تەنها پەیرەوکردنی بنەما ڕێزمانییەکان. ئەم ڕوانگەیە بە تایبەتی لە چارەسەرکردندا بەسوودە بۆ ئەو کەسانەی، کە کێشەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەیە. مۆدێلی کۆمەڵایەتی-پراگماتیکی گەشەسەندن بەکاردێت بۆ یارمەتیدانی منداڵانی ئۆتیزم بۆ دەستپێکردنی پەیوەندیکردن و بەشداریکردن لە پەیوەندیکردن بەبێ ئەوەی هانبدرێن. هەروەها ئەم مۆدێلە ئامانجی باشترکردنی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو نۆرە وەرگرتنە. سەرنجدەخەنە سەر فێرکردنی بەکارهێنانی زمانی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی کارامەییەکانی پراگماتیک، توانای گفتوگۆکردن، گێڕانەوەی چیرۆک، مانەوە لەسەربابەت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێکی هاوتەمەنەکان لە ڕێگەی ڕۆڵگێڕان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. Barry M. Prizant, Amy M. Wetherby،1998 ).

٣- ڕێبازی درکپێکردنی زمان Cognitive – Linguistic Approachesڕێبازی درکپێکردن ڕوانگەیەکی دەروونییە، کە جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە پرۆسە دەروونییەکانی وەک بیرکردنەوە، پەیپێبردن، سەرنج و یادگە دەکاتەوە. ئەم ڕێبازە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و هەڵوێستەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و هەستەکان هەیە. ڕێبازی درکپێکردن شێوازەکانی توێژینەوەی ئەزموونی بەکاردەهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی دەروونی ناوخۆیی وەک سەرنجدان، پەیپێبردن، یادگە و بڕیاردان. دەروونناسانی درکپێکردن وا گریمانە دەکەن، کە مێشک بە شێوەیەکی چالاکانە زانیارییەکان لە هەستەکانەوە (دەستلێدان، تام و هتد) پێواژۆدەکات. لە نێوان هاندەر و وەڵامدانەوەدا کۆمەڵێک پرۆسەی دەروونی ئاڵۆز هەن، کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیان لەسەربکرێت. هەروەها وا گریمانە دەکەن، کە دەتوانرێت مرۆڤ بە پێڕەوی پێواژۆکردنی داتا هەژماربکرێت و کارکردنی کۆمپیوتەر و عەقڵی مرۆڤ هاوشێوەن: زانیاریی کۆددەکەن و هەڵیدەگرن، دەرچوونیان هەیە. پێواژۆی درکپێکردنەکان، کە بریتین لە نازمانی وەک( بینین، بیستن، ماسولکەیی،..)و زمانی، کە بریتین لەچۆنێتی بوونیادنانی واتای زمانیی و پەیوەندیگرتنی واتای زمانیی، حوکمی بەکارهێنانی زمان دەکەن، ئەم دوو پێواژۆیە کارێکردنن بۆ پێواژۆکانی بەرهەمهێنان و درکپێکردن، دەریدەخات، کە زمان چۆن حوکمدەکات، واتا بونیاددەنێت و پەیوەندیدەکات. زانستی درکپێکردنی دەماری لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی پشتگیریکردنی مێشک لە پرۆسەکانی درکپێکردن دەکات. بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی وەک تۆمۆگرافی دەردانی پۆزیترۆن(PET) و وێنەی دەنگدانەوەی کارایی موگناتیسی (fMRI) ، توێژەران دەتوانن ناوچەکانی مێشک، کە چالاکن لە کاتی ئەرکە تایبەتەکاندا دەستنیشانبکەن، ئەمەش یارمەتی دەروونناسەکان دەدات باشتر لە کار و هەستەکانی مێشک تێبگەن. هەردووکیان تەکنیکەکانی وێنەگرتنی دەمارین، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی مێشک بەکاردەهێنرێن، بەڵام جیاوازن لە چۆنێتی کارکردنیان، سوودەکانیان و سنووردارکردنەکانیان. سکانی PET شوێنپێهەڵگری تیشکدەر بەکاردەهێنێت بۆ بینینی چالاکییەکانی گۆڕانکاری لە مێشکدا، لەکاتێکدا fMRI کێڵگە موگناتیسییەکان و شەپۆلی ڕادیۆیی بەکاردەهێنێت بۆ بەدواداچوونی ڕۆیشتنی خوێن و ئاستی ئۆکسجین.تاقیکردنەوەکانی تۆمۆگرافی دەردانی پۆزیترۆن(PET) و وێنەی دەنگدانەوەی کارایی موگناتیسی (fMRI) پێویستن بۆ ئەو توێژەرانەی، کە لێکۆڵینەوە لە مێشک دەکەن. ئەم تەکنەلۆجیایانە ڕێگە بە توێژەران دەدەن سەیری ناوەوەی مێشک بکەن بۆ بینینی کاریگەرییەکانی تەمەن و پێشکەوتنی نەخۆشی و چەندین نیشانەی تر، کە یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی تەندروستی گشتی مێشکێک. هەروەها دەتوانن یارمەتی توێژەران بدەن بۆ ئەوەی بزانن مێشکێکی ئاسایی کاردەکات، بە نیشاندانی ئەوەی، کە کام ناوچەی مێشک لە کاتی هەندێک ئەرکدا چالاکە و چ جۆرە گۆڕانکارییەک لە نێوان تاکەکاندا هەیە.PET شوێنپێهەڵگری تیشکدەر بەکاردەهێنێت بۆ بینینی چالاکییەکانی گۆڕانکاری لە مێشکدا. fMRI کێڵگە موگناتیسییەکان و شەپۆلی ڕادیۆیی بەکاردەهێنێت. دەتوانێت وێنەی وردی ڕۆیشتنی خوێن لە ئەندامەکانی ناوەوە نیشانبدات. لە وێنەگرتنی مێشکدا ئەمە واتای ئەوەیە پزیشکان و توێژەران دەتوانن بزانن، کە مێشک چۆن خۆی بەڕێوەدەبات و ئایا ناوچە گونجاوەکان بە شێوەیەکی دروست وەڵامدەدەنەوە، کاتێک ئەرکێکی دیاریکراویان پێدەدرێت.



وێنەی ( ١ ) وێنەگرتنی دەردانی پۆزیترۆن PET



وێنەی ( ٢) وێنەگرتنی دەنگدانەوەی کارایی موگناتیسی fMRI

٤- ڕێبازی زمانیی - دەروونیی Psycholinguistic Approachesپەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە سەرنج دەخەنە سەر ئەو پرۆسە درکپێکردنانەی، کە لە بەدەستهێنانی زماندا بەشدارن، وەک تێگەیشتن، یادگە و سەرنجدان. ئەم ڕێبازانە ئامانجیان باشترکردنی تواناکانی زمانە بە ئامانجگرتنی ئەم پێواژۆ هەستکردنە بنەڕەتییانە. جێنسن دی.لۆپێز و هاوکارانی. (٢٠٢٢) کاریگەری **ڕێبازی** درکپێکردنی زمانیان بۆ باشترکردنی فێربوونی وشە نیشاندا، لە کاتێکدا براین و هاوکارانی (Brien et al. 2021) کاریگەرییەکەیان لە باشترکردنی ڕستەسازیدا نیشاندا. نۆربێری (b٢٠١٤) بۆ باشترکردنی تێگەیشتن لە چیرۆکەکان، جەخت لەسەر کاریگەریی ڕێبازی زمانەوانی دەروونی دەکاتەوە. هەروەک ڕێبازی دەروونی دەمار _ بۆ هۆکاری گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان هاتووەتە ئاراوە. ( Michele Poletti, 2011 ). لەم ڕێبازەدا کار بە تیۆری درکپێکردنی پراگماتیکی دەکرێت ،کە مۆدێلەکانی ( دەستبەسەرداگرتنی ئەرکی ،یەکگرتوویی ناوەندی و تیۆری هزر دەگرێتەوە.

٥- ڕێبازە فرەشێوازییەکان Multimodal Approachesناساندنی فرە شێوازی زمان نوێنەرایەتی بینراو، دەنگ و هەستکردن لەخۆدەگرێت، کە زیاتر سەرنجراکێشن بۆ فێرخوازانی سەرەتایی زمان، یان منداڵان، کە کێشەیان هەیە لە پێواژۆکردنی نوێنەرایەتییە ناڕاستەوخۆکانی زمان و گەشەسەندنی زمانیان دواکەوتووە [(Ebbles SH, Van Der Lely HKJ (2001].ناساندنی یاساکانی زمان لە ڕێگەی چەندین شێوازی هەستەوەرییەوە، منداڵ دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕوونتر و وردتر لە زمان تێبگات. بەو پێیەی ئەم منداڵانە لە پێواژۆکردن و هەڵگرتنی زارەکیدا کێشەیان هەیە، نوێنەرایەتییە بینراوەکان و بەهێزکردنی بیستراو و هەستکردن زمان دەگۆڕن بۆ نوێنەرایەتییە ڕوونەکانی کۆنکرێتیتر، کە تێگەیشتن ئاساندەکات و بەرهەمهێنان دەهێنێتەئاراوە [(Parncutt R (2019). توێژینەوە و ڕێبازەکانی فرەشێواز ئامانجیان تێگەیشتنە لە زمان لە چوارچێوە و چۆنێتی بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەیوەندیکردن. توێژینەوەی ڕێبازە فرەشێوازییەکان زیاتر دەڕۆن بە بەدوای بینراوەکان، کردارەکان و دەنگەکاندا شانبەشانی زمان. ئەم ڕێبازە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن ئەم توخمانە یەکدەگرن بۆ دروستکردنی واتا لە دۆخە جیاوازەکانی پەیوەندیکردندا، لەوانەش چاپکردن، سەکۆ دیجیتاڵییەکان و گفتوگۆکان. لەم ڕێبازەدا چەندین شێواز تێکەڵدەکەن، فێربوونی وشە، تێگەیشتن لە ڕستە و بەرهەمهێنانی گێڕانەوە باشتردەکەن. تیۆری نیشانەناسی کۆمەڵایەتی هالیدەی چوارچێوەیەکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە توێژینەوە فرە شێوازەکاندا دابیندەکات. لە کاتێکدا، کە شێوازەکانی دیکە پەرەیانسەندووە، وەک ڕێبازی (درکپێکردن) لەلایەن فۆرس ڤیل و ئوریۆس ئاپاریسی و (شیکاری گوتار ) لەلایەن سکۆلۆنەوە، بەڵام بیرۆکەی هالیدەی، کە زمان سەرچاوەیەکە بۆ دروستکردنی واتا، هێشتا گرنگە. ئەو لە زماندا "کردەکانی دۆخ"meta functions پێناسەدەکات، کە واتای ئەزموونی، لۆجیکی، نێوان کەسی و دەقی لەخۆدەگرێت. ئەم چەمکە ڕێگەدەدات بە لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی تێکەڵبوونی زمان لەگەڵ سەرچاوە بینراو و بیستراو و سەرچاوەکانی تر بۆ پەیوەندییەکی کاریگەر لە چوارچێوەی جیاوازدا.( Kay L. ) O'Halloran, et, (2014: 240. لە بواری پراگماتیکدا، چەندین شێوازی کارپێکراو هەن سەیری ئەوە دەکەن، کە چۆن سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی فرە شێوازی- وەک وێنە، دەنگ، ئاماژە، دەربڕینی دەموچاو، جووڵە و بەکارهێنانی فەزا- شانبەشانی قسەکردن لە دروستکردنی واتا و بوونیادنانی زانیاریی لە زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکەدا ڕۆڵدەگێرن. بڕوانە .( Rasha Sami1* and Ghada Tarek ( 2021 ) . چارەسەری

زمان کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەک لەخۆدەگرێت، کە شێوازی پەیڕەوبەند بەکاردەهێنێت بۆ فێرکردنی منداڵان لە ڕێگەی کرداره بچووک و دووبارەبووەکانەوە. گرنگی بە کارامەیی سەرەتایی وەک بیرکردنەوە، تێگەیشتن لە زمان، گرنگیدانی هاوبەش و ڕەفتارکردن دەدرێت. ئامانجی چالاکییەکان فراوانکردنی وشەسازی و باشترکردنی زمانی دەربڕین لە ڕێگەی ڕاهێنانی دروستکردنی وشە و ناونانی بابەتەکان و پێکهێنانی ڕستە. دووبارەکردنەوە و وەڵامدانەوەی ناونانی زۆر یارمەتیدەرە بۆ هاندانی گفتوگۆ. ئەم چارەسەرانە سوودبەخشن بۆ هەریەک لە گەورەساڵان، کە کێشەی زمانی بەدەستهێنراویان هەیە و بۆ ئەو منداڵانەی، کە گەشەسەندنی زمانیان دواکەوتووە. زاراوەی فرە شێوازی لە بەکارهێنانی شێوازی هەستیاری جۆراوجۆر دەکۆڵێتەوە بۆ پەیوەندیکردن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا، AAC، ئاماژە و ئامێرە بینراوەکان باشتر بکرێت. توێژینەوەکان دەریدەخەن، کە شێوازە جیاوازەکان دەتوانن یارمەتی منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم بدەن، بۆ باشترکردنی توانای پەیوەندیکردنیان.

٦- ڕێبازی جووت زمانی Bilingual Approaches بنەماکانی فێرکاری ڕێبازی جووت زمانی، بەدواداچوون بۆ فێرکردنی دوو زمان و ئەو ئاڵنگارییانە دەکات، کە لە پۆلە فرە کولتوورییەکان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. گرنگیدانە بەفێرخوازان، کە بەرنامە کاریگەرەکان، مێژووی پەروەردەی جووت زمانە، سیاسەتی زمان، گۆڕانکاری دیمۆگرافی و کاریگەرییە کولتوورییەکان لە پەروەردەدا دەگرێتەوە. سەرنج دەخەنە سەر باشترکردنی توانای زمان لە هەردوو زمانی سەرەتایی و ناوەندی، باشترکردنی وشەسازی، توانای ڕێزمانی و توانای گێڕانەوە.

٧- ڕێبازە سروشتییەکان Naturalistic Approaches ڕێبازی سروشتی میتودۆلۆجیای فێربوونی زمانی دووهەمە، کە گرنگی بە کارامەییەکانی پەیوەندیکردن دەدات، چ زارەکی و چ نووسراوبێت. لەسەر بنەمای تیۆری زمانناس(Stephen Krashen's) ستیڤن کراشن، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ بەدەستهێنانی زمان دامەزراوە، ، ئەم ڕێبازە جەخت لەسەر پەیوەندی واتادار ، تێگەیشتن پێش بەرهەمهێنان و ژینگەیەکی ئەرێنی دەکاتەوە، کە هەموویان لاسای فێربوونی ئەو شێوازە "سروشتییە"ی زمانی زگماکی دەکەن، یەکێک لە بنەماکانی ئەم ڕێبازە بریتییە لەوەی، کە فێرخوازان پێویستیان بە ناوەڕۆکی بەردەوامە، کە کەمێک قورسترە لە ئاستی ئێستای لێهاتوویی خۆیان، کە زمانناسان پێیدەڵێن "گریمانەی هاتنەژوورەوە. وا گریمانە دەکات، کە قسەکردن لە چوار قۆناغدا سەرهەڵدەدات: (١) پێش بەرهەمهێنان (گوێگرتن و ئاماژە)، (٢) بەرهەمهێنانی پێشوەختە (دەستەواژەی کورت)، (٣) سەرهەڵدانی قسەکردن (دەستەواژە و ڕستەی درێژ)، (٤) ڕەواندنەوەی مامناوەند (گفتوگۆ). ئەم ڕێبازە لەلایەن کراشن (Krashen) و تریسی تێرێل ( Tracy Terrell) (١٩٨٣) پەرەی پێدراوە (Lessow-Hurley, 1991). گرنگیدانە بەدابینکردنی ژینگەی دەوڵەمەند بە زمان، باشترکردنی وشەسازی، تێگەیشتن لە ڕستە و لێهاتوویی پراگماتیک.

٨- ڕێبازەکانی پەیوەندی زیادکردن و جێگرەوە Augmentative and Alternative Communication Approaches (ACC) هەموو شێوازێکی پەیوەندیکردن لەخۆدەگرێت، کە کەسێک دەتوانێت بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانی بەکاریبهێنێت، تەنها قسەکردن نەبێت. ئامانجی AAC قەرەبووکردنەوەی هەر کورتهێنانێکە، کە کەسێک لە توانای خۆدەربڕینیدا هەیبێت. هەموو پێڕەوێک ئامانجی ئەوەیە پەیوەندییەکان لە ئاستێکی تەندروست و جێبەجێکەرانەدا بهێڵێتەوە. باشترین جۆری AAC بۆ کەسێکی دیاریکراو بەندە بە خاڵە بەهێز و سنووردارە ناوازەکانییەوە؛ یەک باشترین جۆری بۆ هەمووان نییە. لە بنەڕەتدا دوو پۆلی AAC هەیە: یارمەتیدەر و بێیارمەتی، هەرچەندە چەندین جۆری جیاوازی هەیە. پێڕەوی پەیوەندی بێیارمەتی پێویستی بە هەردوو کەسەکە هەیە، کە پێکەوە بن. نموونە لەوانە بۆردی پەیوەندیکردن، زمانی هێما، زمانی جەستە و ئاماژە. بۆردی پەیوەندیکردن پیت، وشە، یان وێنە بۆ پەیوەندیکردن پیشان دەدات، کە بەکار هێنەر دەتوانێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەر بەکاریبهێنێت. پێڕەوی پەیوەندی یارمەتیدەر ڕێگە بە پەیوەندی دەدات بەبێ ئەوەی هەردوو لایەن لە یەک شوێندا بن. زۆربەیان ئەلیکترۆنین و دەتوانن دەرچوونی دەنگ بەرهەمبهێنن، یان پەیامەکان بە شێوەیەکی بینراو پێشکەش بکەن. ژمارەیەکی زۆر لەو ئامێرانە توانای بەستنەوەیان بە کۆمپیوتەرەوە هەیە و لە هەندێک حاڵەتدا تەنانەت دەتوانرێت بۆ زمانی جیاواز دەستکاریبکرێن. لەم ڕێبازەدا ئامرازەکان بۆ پەیوەندیکردن، باشترکردنی تواناکانی پەیوەندیکردن، تێگەیشتن لە زمان، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێکی هاوڕێیان بەکاردەهێنن.

٩- ڕێبازەکانی خێزان نێوەندی و بنەمای کۆمپیوتەر .Family- entered and Computer based Approaches

ڕێبازەکانی بنەمادار بە کۆمپیوتەر کاریگەرن بۆ باشترکردنی تواناکانی زمان، وەک لە ( Camarata & Gibson, 1999; Fletcher-Watson et al., 2014; Parsons et al., 2017) دا دەردەکەوێت. ئەم ڕێبازانە بەرنامە و تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن بۆ گەیاندنی فێرکاری و جێبەجێکردنی زمان، باشترکردنی تواناکانی زمان، پێشکەشکردنی ڕێنمایی تاکەکەسی و فیدباکێکی دەستبەجێ( Alduais, A. Tamara Bastianello, Abdullah Alduais, Ivy Xiaoyan Wu (2023) ، مۆدێلی کۆمپیوتەر :

١) ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بەکارهێنانی لێکچوونەکانی کۆمپیوتەر وەک نوێنەرایەتیکردنی ناسینی مرۆڤ.

٢) گەشەسەندنی کۆمپیوتەر و بەرنامەسازی کۆمپیوتەر بووە هۆی لێکدانەوەی شێوازی کۆدکردنی زانیارییە هەستیارەکان لەکاتی تێپەڕبوونی بە پێرەوەکەدا.

٣) بە بەکارهێنانی لێکچوونی کۆمپیوتەر، زانیارییەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەخرێنە ژوورەوە، کۆد دەکرێن بۆ ناو یاگە و دواتر لەگەڵ زانیارییەکانی پێشوو تێکەڵدەکرێن بۆ تەواوکردنی ئەرکێک.بۆ نموونە. مۆدێلی کۆمپیوتەریی یادگە.

مۆدێلی کۆمپیوتەر ڕێبازێکی بەنرخ پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن و ناسینەوەی گەشەنەسەندنی پراگماتیک بە بەکارهێنانی فێربوونی ئامێر بۆ شیکردنەوەی داتای زمان و دیاریکردنی نەخشەکانی پەیوەست بە کێشە پراگماتیکەکان لە بارودۆخەکانی وەک شیزۆفرینیا و ئاریشەی کۆنیشانەی ئۆتیزم (ASD). ئەم مۆدێلانە دەتوانن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تایبەتمەندییەکانی وەک ئایرۆنی زمانەوانی و پێشێلکردنی ماکزیمەکانی گرایسی دەستنیشان بکەن، هەڵسەنگاندنی بابەتییانە پێشکەش بکەن و بەشداری لە ڕاهێنانی چاکسازی کاراتر و کەسیتر بکەن. سەرەڕای ئەوەش، مۆدێلی کۆمپیوتەر دەتوانێت ئاسانکاری بکات بۆ پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی پێرەوەکانی پێواژۆی زمانی سروشتی (NLP)، کە بۆ مامەڵەکردن و دروستکردنی زمانی تایبەت داڕێژراون، کە ئەمەش گرینگە بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کورتهێنانە پراگماتیکەکان( Muskan Chawla, Surya Narayan Panda& Vikas Khullar (2025)). ئەم ڕێبازانە ئەندامانی خێزان لە پرۆسەی فێربوونی زماندا بەشدار دەکەن و ئامانجیان پشتگیریکردنە لە گەشەپێدانی زمان لە ژینگەی ماڵەوە. چانسی زیاتر بۆ پراکتیکی زمانی بەردەوام و گشتاندنی کارامەییەکان لە چوارچێوەی سروشتیدا هەیە.


٢-٢/١ تیۆرەکانی پەیوەست بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان.

تیۆرەکانی پەیوەست بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان ئەو تیۆرانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لە پراگماتیکی کلینیکیدا هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش تیۆرییە پراگماتیکییەکانی درکپێکردن دەخەینەڕوو.

١- تیۆری کردە قسەییەکان تیۆری کردەقسەییەکان، کە لەلایەن( Austin, 1962) و(Searle, 1969 )ەوە پەرەی پێدراوە، لە ئامانجی پەیوەندییەکانی دەربڕینەکان دەکۆڵێتەوە، تیشکدەخاتە سەر مەبەستی قسەکەر و کاریگەرییەکانی لەسەر گوێگر. کرداره جۆراوجۆرەکانی قسەکردن دەستنیشاندەکات و پێرەوی پۆلکردن بۆ شیکاری دادەمەزرێنێت. تیۆری کردەی قسەکردن بەکارهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە تێکچوونەکانی پەیوەندیکردن لە سەرانسەری توشبووانی کلینیکی جیاوازدا، لەوانە گەورەساڵانی تووشبوو بە ئافازیا، برینەکانی نیوەگۆی ڕاست، شیزۆفرینیا، بریندرابوونی مێشکی زەبراوی، منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم و نیشانەکانی ئاسپێرگەر. جێگایسەرنجە، ئەو کەسانەی، کە زیان بە نیوەگۆی چەپیان گەیشتووە دەتوانن کردەی قسەکردنی ناڕاستەوخۆ لێکبدەنەوە بەبێ ئەوەی لە واتا وشەییەکان تێبگەن، لەکاتێکدا ئەوانەی زیان بە نیوەگۆی ڕاستیان گەیشتووە، لە واتای وشەیی تێدەگەن، نەک لە واتای مەبەست. سەرەڕای ئەوەش، کردە قسەییەکان دروستکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی، کە ئایا منداڵان دەتوانن مەودای چاوەڕوانکراوی کردارەکانی قسەکردن بۆ گروپی تەمەنیان بەرهەمبهێنن یان نا.لە کاتێکدا تیۆری کردە قسەییەکان لە توێژینەوە ئەزموونییەکان لەسەر بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە قسەکردندا بەسوودە، بەڵام سنووردارەبوونی هەیە، کە کاریگەری لەسەر شیکارییەکانی بۆ داتا کلینیکییەکان هەیە. مەیلی ئەوەی هەیە، کە سەرنجی لەسەر وشەی تاک و گۆشەگیربێت، بەبێ گوێدانە چوارچێوەی قسەکردنەکە (Geis, 1995)، زۆرجار جەخت لەسەر وشە گۆشەگیرەکان دەکاتەوە بەبێ ئەوەی دەوروبەر لەبەرچاوبگرێت، ئەمەش دەتوانێت ڕێگری لە یەکگرتوویی لە قسەکردندا بکات. بۆ نموونە، لە نەخۆشێکی زبر و زەنگی سەر، دەربڕینەکانی لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕاستن، بەڵام بەهۆی گۆڕانی کتوپڕی بابەتەکانەوە یەکگرتووییان نییە، لایەنێکە، کە تیۆری کردەی قسەکردن لە چارەسەرکردنیدا شکستدەهێنێت.

٢- تیۆری پەیوەندی Relevance Theoryتیۆری پەیوەندی بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ویڵسن و سپێربەر( Sperber(1995, 1986) &Wilson). ئامانجیان ڕوونکردنەوەی لێکدانەوەی پراگماتیکە لەڕووی مۆدێلێکی پێواژۆی زانیاریی پەیوەندیکردنەوە، کە ڕەگ و ڕیشەی لە دەروناسی درکپێکردندا هەیە. بەشێوەیەکی دیار تێڕوانینیان تێڕوانینێکی گرایسیانە. بەو پێیەی بەشداری لە بۆچوونی گرایسدا دەکەن، کە پرۆسەی پەیوەندیکردن ئاڵوگۆڕی مەبەستی پەیوەندیکردن لەخۆدەگرێت، بەڵام پێچەوانەی گرایس، کە بنەمای هاوکاری و ماکزیمەکانی چەندێتی و چۆنێتی و شێوازی وەک ئامرازێک پێشنیازکرد بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆسەکانی پەیوەندیکردن. Sperber و Wilson بنەمایەکی پەیوەندیدار پێشنیازدەکەن (Cummings,2016:7). لەسەر تێڕوانینەکانی (Grice) دەربارەی پەرەپێدانی تیۆری لێکدانەوەی گوتن لە چوارچێوەیەکی هزری درکپێکردن واتا بوونیاددەنرێت. ناوەڕۆکی زمانەوانی وتارەکان (کە لەلایەن Griceوە پێیدەوترێت 'ئەوەی دەوترێت) زۆرجار زۆر جیاوازە لەو واتایەی، کە قسەکەران بەنیازن لە ڕێگەی بەکارهێنانی گوتنەکانەوە بیگەیەنن (ئەوەی مەبەستە)(بۆ نموونە لە حاڵەتی ئایرۆنیدا، ناوەڕۆکی زمانەوانی پێچەوانەی واتایە، کە مەبەست لێی قسەکەرە), بەڵکو مەبەستەکانی پەیوەندیکردن بە پرۆسەیەکی ئەنجامی وەرگیراون، کە بە هەندێک چاوەڕوانی لۆجیکی ڕێنمایدەکرێت.


گرایس ئەو چاوەڕوانیيانە بە ڕێگەی بنەمای هاوکاری و ماکزیمەکانی چۆنیەتی، چەندێتی و پەیوەندی تایبەتمەنددەکات. تیۆری ناپەیوەندیدار، بنەمایەکی پەیوەندیدار گوتنێک پێشدەخرێت بۆ ئەنجامدانی هەمان ڕۆڵ. (ئەوەی دەوترێت)لە سەربنەمای کۆدکردنە، (ئەوەی مەبەستە لە سەر بنەمای هەڵهێنجان و درکپێکردنە(حمە کریم،٣٩: ٢٠٢٣). دەتوانرێت هەموو ماکزیمەکانی (Grice) یەک بنەمای پەیوەندیدار جێگەبگرێتەوە، کە قسەکەر هەوڵدەدات تا دەتوانێت پەیوەندیدار بێت لە باروودۆخەکەدا، کە کاتێک بە شێوەیەکی گونجاو وردتر دەکرێتەوە، دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ تەواوی داتاکان بکات، کە ماکزیمەکانی گرایس بۆ ڕوونکردنەوە دارێژراون (Sperber& Wilson, 1991:p381). گوێگر گەرەنتی ئەوە دەکات، کە باوەڕی بەوە هەبێت، کە ڕستەی قسەکەرێک پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕی گفتوگۆوە هەیە، تەنانەت ئەگەر وا دەرنەکەوێت، ئەمەش بەهۆی گریمانەکردنی پەیوەندییەکی گونجاوەوە. ئەم گریمانەیە جۆرێک لە دڵنیایی دەدات بە گوێگر، کە گوتاری قسەکەر شایەنی هەوڵی پێواژۆی هەستکردنە، هەوڵی هەستکردنی گوێگر پاداشتەدەدرێتەوە بە گەڕانەوەی مەبەستی پەیوەندیکردنی قسەکەر لە بەرهەمهێنانی قسەدا لە تیۆری پەیوەندیدا، گوێگر بە ڕێگەی پێواژۆکردنی پەیوەندیدارێتی بەدەستدەهێنێت. واتای گریمانە ڕاستییەکان لە پێرەوێکی لێبڕیندا دەربهێنن. ئەو گریمانەیەی، کە زۆرترین ژمارەی کاریگەرییە دەوروبەرییەکان بۆ کەمترین هەوڵی پێواژۆکردن بەرهەمدەهێنێت، ئەو گریمانەیە، کە گوێگر دەتوانێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی قسەکەر وەریبگرێت تیۆری پەیوەندی جیاواز لە تێڕوانینی دەوروبەرییانە بۆ دیاردە پراگماتیکییەکان، بەخشکەییدەربڕین بەپێواژۆی درکپێککردن دەنەخشێنێت وەک لە کردەیەکی دەوروبەری یان تیۆری بەکارهێنان. (بە پێی لێکدانەوەی تیۆری پەیوەندی ، دەربڕاوێک دەبێت ئەوەندە پاشماوە بەجێبهێڵێت، کە سەرنجی گوێگر ڕابکێشێت، بەمەرجێک نابێت ئەو سەرنجدانە لە کاتی گەیاندنی ئامانجی تێگەیشتندا هیچ ئەرکێک بخاتە سەر گوێگر)(محمود، ٤٣٩: ٢٠١٧). زۆربەی سەرکەوتنی تیۆری پەیوەندیدار دەتوانرێت بۆ ئەو ڕاستییە بگەڕێنرێتەوە، کە بانگەشەکانی تیۆری سەبارەت بە پێواژۆی پەیوەندیدارێتی قسەکان لە سروشتدا ئەوەندە تایبەتن، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ پێشبینیکردن سەبارەت بە توانستی درکپێکردن لە کۆمەڵێک بواردا.




هێڵکاری( 2 ) ڕێکارەکانی تێگەیشتنی تیۆری پەیوەندیدارێتی سپێربەر و ویڵسن (١٩٨٥/١٩٩٥).لە (Aso ,2023:5) وەرگیراوە.

یەکێک لە سەرەتاییترین توێژینەوەکان بۆ بەکارهێنانی تیۆری پەیوەندیدارێتی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاکەکانی تووشبوو بە گەشەنەسەندنی پراگماتیک،(Happé, 1993) بوو. هاپێ بە سوودوەرگرتن لە تیۆری پەیوەندی و کەموکورییەکانی مۆدێلی ناسراوی هزر (ت،هز)ی منداڵان و گەورەساڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم، پێشبینییەکانی کرد سەبارەت بەوەی ،کە چۆن کەسانی ئۆتیزم جۆرە جیاوازەکانی زمانی وێنەیی پێواژۆدەکەن.

تیۆری پەیوەندی رێگەیەک پێشکەشدەکات بۆ ئەوەی روونیبکاتەوە ،کە بۆچی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەربڕینێکی تایبەت ئاریشەدارە. بەم شێوەیە تیۆرییەکە لە پەسنکردنی رەفتارە رووکەشییەکان دووردەکەوێتەوە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن سەختی پەیوەندیکردن هاتووەتە ئاراوە. هەروەها تیۆری پەیوەندیدارێتی بۆ پشکنینی گەشەسەندنەکانی پراگماتیکی زمان لە گەورەکاندا بەکارهێنراوە.




هێڵکاری(٣ ) مۆدێلی پەیوەندی پراگماتیک لەلایەن سپێربەر و ویڵسن (١٩٨٦).

ئۆستن ( Austin:١٩٨٧ )، سپێربەر و ویڵسن ( Sperber and Wilson: ١٩٨٦/١٩٩٥) بانگەشەی ئەوەدەکەن، کە پەیوەندیکەر لە کاتی پەیوەندیکردندا بە دوو ئامانجەوە هاندەرێک دروستدەکات.

١- مەبەستی زانیاریی: بۆ ئەوەی کۆمەڵێک گریمانە بە شێوەیەکی هاوبەش بۆ پەیوەندیکەر و بینەر دەربکەوێت.

٢- مەبەستی پەیوەندیکردن: ئامانجی پەیوەندیکردن ئەوەیە، کە مەبەستی زانیاریی بەخشی ئەو بۆ هەموان روون بێتەوە. واتە ئامادەبووان رازیبکات، کە هەوڵی گەیاندنی زانیاریی دەدات، یان ئارەزووی ئەوە دەکات شتێک بگەیەنێت. بۆ نموونە:

٨) باوک: کچم بچۆ ددانەکانت بشۆ.کچ: باوکە بەیانی قوتابخانەم نییە.لەم نموونەیەدا، کچ تێدەگات، کە باوکی دەیەوێت پەیوەندییەکات و رێنماییەکات لەسەر ئەوەی کاتی ددان شۆردنیەتی و پێویستە بنوێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نیازی باوکی بۆ ئاگادارکردنەوەی کچەکەی لە کات.مەبەستی پەیوەندیکەر دەبێت بۆ پەیوەندیی رواڵەتی-ئەنجام جێبەجێبکرێت، وەک لەلایەن مارکێز Marquez (2000) و ئالۆت Allott (٢٠١٣) ئاماژەپێکراوە، بوونی مەبەستی پەیوەندیکردن مەرجێکە، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی، کە ئایا قسەکەر بەنیازە بە مەبەست و ئامانج پەیوەندییەکات یان نا. جگە لەوەش گەیشتن بەم ئامانجە بەسە بۆ دڵنیابوون لە پەیوەندی کاریگەر،بڕوانە(Aso Ali Mohammed، 2014: 22 ). بە واتایەکی تر ئەگەر ئەم مەبەستە سەرکەوتوو بوو، ئەوە واتای وایە گوێگر مەبەستی زانیاریی ناسیوە. تێدەگات، کە قسەکەر دەیەوێت بیر لە چی بکاتەوە. لە بەرامبەردا پەیوەندی کاریگەر پەیوەستنییە بە سەرکەوتنی مەبەستی زانیارییەوە.

٣- تیۆری درکپێکردنی پراگماتیکی Cognitive pragmatics theory تیۆری درکپکردنی پراگماتیکی هەڵوێستێکی درکپێکردنی بەهێز بۆ لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان دەگرێتەبەر. ئاراستەی درکپێکردنییەکان لە پێشەکی کتێبەکەی (Bara’) بە هەمان ناودا دیارە: هەر کردەیەکی پەیوەندیکردن لە رووی دەروونییەوە دروست دەبێت - پێش ئەوەی لە رووی جەستەییەوە ئەنجام بدرێت، پاشان لە رووی دەروونییەوە لەلایەن قسەکەرانی دیکەوە تێدەگات (Bara, 2010:ix’). لە کاتێکدا بارا پەیڕەوی سپێربەر و ویلسۆن دەکات، کە پرۆسە دەروونییەکانی پەیوەندیکردن سەبارەت بە میکانیزمی ئەنجام دەخەنە روو، بەرۆونی پشتبەستنی تیۆری پەیوەندیدار بە یاساکانی لێبڕین رەتدەکاتەوە و دەڵێت "مرۆڤەکان بە جێبەجێکردنی یاسا لۆجیکییە زگماکییەکان هزر ناکەن، بەڵکو بە بوونیادنانی و دەستکاریکردنی مۆدێلی دەروونی، کە بەشێوەیەکی بابەتیی نوێنەرایەتی دۆخی کاروباری جیهان دەکەن." (Bara, 2010: p22). هەروەها گومانی هەیە، کە یەک بنەمای پەیوەندیداربوون "بەسە بۆ روونکردنەوەی هەموو ئەو دیاردانەی، کە پەیوەندیکردن پێکدەهێنن" (سەرچاوەی پێشوو، ٢٢:٢٠١٠). بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە و جیاوازییە گرنگەکانی دیکە لە لەرووی تیۆرییەوە، خوێنەر دڵنیا دەکرێتەوە لە چارەسەرێکی درکپێکردنی تایبەت بۆ لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان لە تیۆری درکپکردنی پراگماتیکیدا. تیۆری درکپێکردنی پراگماتیکی سەرنجدەخاتە سەر ئەو پرۆسە درکپێکردنانەی، کە لە لێکدانەوەی دەربڕینەکاندا بەشدارن، جەخت

لەسەر نوێنەرایەتیکردنی دەروونی تاکەکەسی دەکاتەوە پێش ئەوەی پەیوەندیکردن ڕوویدات. (Bara ) بانگەشە بۆ بوونیادنانەوە و دەستکاریکردنی مۆدێلی هزر دەکات لەبری ئەوەی پشت بە یاسا لۆجیکییە زگماکییەکان ببەستێت، بۆچوونەکانی لەگەڵ تیۆری پەیوەندیداریدا بەراوردەکات. ئەو پرسیار لە بەسبوونی یەک بنەما دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی پەیوەندیکردن، تیشک دەخاتە سەر جیاوازییە بەرچاوەکانی ڕێبازە تیۆرییەکان. ئەمەش زەمینە بۆ پشکنینی درکپێکردنی ناوازە بۆ لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان دادەنێت.لە ناوەڕۆکی چەمکی تیۆری درکپکردنی پراگماتیکیدا چەمکی یاری ڕەفتارییە. دەستەواژەی 'یاری ڕەفتار' داهێنانێکی هەرەمەکی نییە. بەڵکو (Bara) بەنیازە بگەڕێتەوە بۆ چەمکی ڤنشتاین (Wittgenstein) یاری زمان. بۆ ڤنشتاین (Wittgenstein )، ڕەنگە کۆمەڵێک یاری لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە ئەنجام بدرێت. بەپێی (Bara, 2010:93)، بیرۆکەی ڤنشتاین ، کە مرۆڤ دەبێ سەرنجی لەسەر بەکارهێنانی زمان بێت، نەک فۆرمی زمان، 'کە بیرۆکەیەکە و بێگومان بەدڵنیاییەوە شۆڕشگێڕانەیە و دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ هێشتا ڕەوایەتی خۆی دەپارێزێت'. یارییە ڕەفتارییەکان، کە لە درکپێکردنی پراگماتیکیدا بەکاردەهێنرێت، پێکهاتەیەک، کە ڕێگە بە هەماهەنگیکردنی کردارە نێوان کەسییەکانی ئەکتەرەکان دەدات و واتای خوازراوی وتنەوەیەک لە نێوان ئەو واتا جیاوازە زۆرانەدا هەڵبژێردرێت، کە گوتنەوەیەک دەتوانێت لە ڕووی تیۆریەوە بیگەیەنێت. بارا درکپکردنی پراگماتیکی بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵێک دەربڕاوی جیاواز بەکاردەهێنێت، بەبێ گوێدانە جۆری قسەکردن، کە لەلایەن قسەکەرەوە بەرهەمدەهێنرێت، ئەرکی یەکەمی گوێگر لە لێکدانەوەی قسەیەکدا هەمیشە ناسینەوەی ئەو یارییە ڕەفتارییەیە، کە ئاماژەی پێدەکات: 'خاڵە سەرەکییەکە بۆ هاوبەشەکە هەمیشە ئەوەیە، کە ناسینی پێشنیازی کردنەوەیە لە یارییەکی ڕەفتاردا، بە هەر فۆرمێک ئەو جووڵەیە دەرببڕدرێت' (Bara, 2010: p147). ئەوە ئاڵۆزی زنجیرەی ئەنجامە، کە کردەی دەربڕینی قسەکەرێک بە کردنەوەی یارییەکی ڕەفتارەوە دەبەستێتەوە، کە ئاسانکاری، یان سەختی گوێگران بەو ئاسانییە دیاریدەکات، کە گوێگران قسەکان لێکدەدەنەوە.هەندێک کردەی قسەکردن ئاڵۆزترن لە کردارەکانی تری قسەکردن، چونکە پێویستیان بە ژمارەیەکی زیاتر لە ئەنجامەکان هەیە بۆ ئەوەی بیانبەستنەوە بە یارییەکەوە. بەم پێیەلەلایەن بارا( Bara)وە ئاڵۆزی ئەنجامی پێوەریی بنەمایەکی سەرەکییە لە پۆلکردنی کردەوەکانی قسەکردنی وەک ئایرۆنی و فێڵ. بارا (Bara) پێیوایە، کە جۆری نوێنەرایەتی دەروونیش ڕۆڵی هەیە لە پێشبینیکردنی ئاسانکاریدا، کە ئەکتەرەکان لە کردەوەکانی قسەکردن تێدەگەن. بە تایبەتی لە پەیوەندییە ستانداردەکاندا هیچ ناکۆکییەک لە نێوان کردەی دەربڕینی قسەکەر و مەبەستی پەیوەندیکردنی قسەکەردا نییە. سەختی لێکدانەوەی قسەکان زیاد دەکات لەگەڵ ژمارەی ئەو ئەنجامانەی کە پێویستن بۆ بەستنەوەی قسەیەک بە یارییەکی ڕەفتارەوە (باری ئەنجامدان) و کاتێک کە ناکۆکی لە نێوان کردەی دەربڕین و بارە هزرییەکانی قسەکەر (جۆری نوێنەرایەتی هزری)دا هەبێت. ئەم بانگەشە ئەزموونییانە ڕاستەوخۆ لەلایەن Bara و هاوکارەکانی لە زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی ئەزموونیدا کە لەسەر بابەتەکانی ئاسایی و کلینیکی ئەنجامدراون، ئاماژەیان پێکراوە.بڕوانە (Cumming, L,2014: p101-109).تیۆری درکپێکردنی پراگماتیکی زمان پشتگیرییەکی بەرچاوی لە لێکۆڵینەوەکانی پراگماتیک لە منداڵانی گەشەسەندوودا وەرگرتووە (بارا و هاوکارانی، ٢٠٠٠؛ بوچیارێلی و هاوکارانی، ٢٠٠٣؛ بۆسکۆ و هاوکارانی، ٢٠٠٦). هەروەها تیۆرییەکە بۆ پشکنینی لایەنەکانی پراگماتیک لە منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزمدا بەکارهێنراوە 2001 , .(Bara et al., 2007)) و لە گەورەکاندا کە برینەکانی نیوەگۆی چەپ و ڕاستیان هەیە (Cutica et al., 2006) ، ئاریشەی ئەلزەهایمەر (Bara et al., 2000) و بریندارببوونی مێشک (1997; Angeleri et al., 2008)

٣-٢/١ مۆدێلەکانی پەیوەست بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زمان مۆدێلی پەیوەندیکردنی پراگماتیکی زمان بریتییە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێک یاسای کۆمەڵایەتی زمانەوانی، کە لە چوارچێوەیەکی پەیوەندیداردا پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە. ڕوانگەی پراگماتیکی ستاندارد پێشنیازی ئەوە دەکات، کە مرۆڤەکان واتای تەواوەتی وشەیی دەربڕینە ناڕاستەوخۆ و میتافۆرییەکان شیبکەنەوە پێش ئەوەی ڕاوێژ بە زانیاریی پراگماتیک بکرێت بۆ ئەنجامدانی پەیامی ناوشەیی قسەکەران. دیارترین ئەو مۆدێلانەی لێکدانەوەیان بۆ گەشەنەسەندنی پراگماتیکی کردووە بریتین لە:

١- مۆدێلی هۆکاربەندی Inference modelهۆکاربەندی وەک پرۆسەیەکی درکپێکردن لە پراگماتیکدا سەیردەکرێت، وەک لەلایەن زمانناسان و زمانەوانانی دەروونییەوە ئاماژەپێکراوە (بۆ نموونە، "هەموو هەژموونێکی پراگماتیک هۆکاربەندی ئەگەریانە لەخۆدەگرێت"،( Paradis, 2003)). هەندێک لە توێژەران ئاماژە بە 'تیۆری هۆکاربەندی کۆمەڵایەتی' دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە گەشەنەسەندنە پراگماتیکییەکانی پەیوەست بە تیۆری هزر (Martin and McDonald, 2003)). مۆدێلی هۆکاربەندی پێشنیازی ئەوە دەکات، کە گرنگی هۆکاربەندی لە لایەنی هەڵبژاردنی سروشتییەوە سەرچاوەدەگرێت، کە تێیدا گەشەنەسەندنی پراگماتیک لە هەڵبژاردنە پەیوەندیدارە گەشەنەسەندووەکانەوە سەرهەڵدەدەن. بۆیە کێشەکان لە پێواژۆکردنی هۆکاربەندیدا ئەنجامێکی سروشتی گەشەنەسەندنی پراگماتیکن.دەروونناسی درکپێکردن مۆدێلی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن بۆ هۆکاربەندی سەبارەت بە پرۆسەی هزری. بە پێچەوانەی مۆدێلی پەیوەندیکردن، کە پێی دەوترێت کۆدی پەیوەندی، کە پەیامەکان بە سادەیی کۆددەکرێن و لێکدەدرێنەوە،

( Sperberو Wilson) سپێربەر و ویلسۆن لایەنگری مۆدێلی هۆکاربەندین، لەم تیۆرەدا، کۆدلێکدانەوەکانیان دیاریدەکات، زیاتر وەک بەڵگەیەک سەبارەت بە واتای قسەکەرەکە کاردەکات. پەیوەندی زارەکی بەکارهێنانی کۆدێک (واتە ڕێزمانی زمانەکە) لەخۆدەگرێت، بەڵام هۆکاربەندی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت لە گۆڕینی زانیارییە کۆدکراوەکانی نەخشەیی بۆ لێکدانەوەی تەواو پرۆپۆزەڵی. یەکێک لە سەرنجراکێشترین بەشدارییەکانی تیۆری پەیوەندی ئەوەیە، کە بۆشاییەکی بەرفراوان لە نێوان واتای ڕستەی (کۆدکراو) و واتای قسەکەری (ئەنجامدراو) هەیە (بڕوانە حەمەکریم، ٤٢:٢٠٢٣)، کە دەبێت بە شێوەیەکی هۆکاربەندی پڕبکرێتەوە. تێگەیشتن لە ناسینەوەی بێ دەوروبەری فۆرمی لۆجیکی گوتنەکەوە دەست پێدەکات، کە دواتر دەوڵەمەند دەکرێت بۆ ئەوەی زانیاریی ڕوون (ڕوونکردنەوە) و/یان زانیاریی ناڕاستەوخۆ (وەرگێران) بەدەستبهێنێت. لە هەژموونی نێوان کەسەکاندا، هۆکاربەندی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە دیاریکردنی ئەوەی کە قسەکەران مەبەستیان چییە بەو زانیاریيانەی کە لە ڕێگەی چەندین پێرەوی ئاماژەدان وەک قسەکردن، نووسین، ئاماژە، دۆخی جەستە و دەربڕینی دەموچاوەوە دەیگەیەنن. بۆ ئەم زانیارییانە لە پرۆسەی هۆکاربەندیدا دەبێت هەڵسەنگاندنێکی بەردەوامی زانیاریی، مەبەست، بیروباوەڕ، پێویستی، ئارەزوو، باری سۆزداری و کۆمەڵێک کارامەیی درکپێکردنی دیکەی وەک یادەوەری، ناسین و تیۆری هزری قسەکەر زیادبکرێت(Perkins, 2007:76) . کۆکردنەوەی ئەم بەشدارییە کێبڕکێکارە بێشومارانە ناوەکی پرۆسەی هۆکاربەندی لە پراگماتیکدا پێکدەهێنن.

٢- تێڕوانینی دەرکەوتەیی Emergence approach ڕێبازێکی گشتگیرە بۆ تێگەیشتن لە گەشەسەندنی پراگماتیک و پێواژۆی پراگماتیکی ئاسایی دەخاتەڕوو، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لێهاتوویی پراگماتیک فرەلایەنەیەو کارامەییەکانی درکپێکردن، نیشانەیی و هەستیاری جووڵەیی لەخۆدەگرێت. گەشەسەندن دەکرێت لە گەشەسەندنی کارکردن لە هەریەکێک لەم بوارانەدا سەرهەڵبدات. لە کاتێکدا کە بە شێوەیەکی باو پەیوەندی بە ئۆتیزم و ئاریشەی نیوەگۆی ڕاستی مێشکەوە هەیە، ئەم ڕێبازە گەشەسەندنی پراگماتیک پەیوەستدەکات بە سنوورداربوون لە هەڵبژاردنی پێواژۆی واتادا. ناهاوسەنگی لە پێرەوی درکپێکردن، نیشانەیی و هەستیاری جووڵەدا دەکۆڵێتەوە و پێشنیازی ئەوە دەکات، کە هەردوو داینامیکی تاکەکەسی و نێوان کەسەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری پەیوەندیکردن هەبێت.

لە ئەم ڕێبازەدا پێنج بنەما دەبنە پاڵنەر : ( Perkins, 2007: p51 )

١- پراگماتیک ئەو مەودای هەڵبژاردنانە دەگرێتەوە، کە لەبەردەستدایە کاتێک پەیوەندی دەکرێت.

٢- ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە لە هەموو "ئاستەکانی" پێواژۆی زماندا، لە قسەکردنەوە تا فۆنەتیک جێگیر دەکرێن.

٣. هەڵبژاردنەکان تەنیا زمانەوانی نین، بەڵکو پێرەوی نیشانەناسیی دیکە و شێوازی گەیاندنی پەیوەندیکردن لە ڕێگەی کەناڵە زارەکی و نازارەکییەکانەوە لەخۆدەگرن.

٤- بۆ ئەوەی وەک "پراگماتیک" بناسرێت، ئەم هەڵبژاردنانە دەبێت پاڵنەریان بۆ داواکارییەکانی پەیوەندی نێوان کەسەکان هەبێت.

٥- زۆرجار هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان کورتهێنانی بنەڕەتی و گەشەسەندنی پراگماتیکی ئەنجامدا نییە. بە پێچەوانەوە، لەوانەیە ئەنجامی یەک یان چەند گونجاندنێکی قەرەبووکەرەوە بێت. دواتر مۆدێلێک دەخرێتەڕوو کە ئەم سێ چەمکە سەرەکییەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

١. توخمەکان. ئەمانە ئەو بوونانەن، کە کارلێکەکان لە نێوانیاندا ڕوودەدەن، سێ جۆرن: (ا) پێرەوی درکپێکردن، (ب) پێرەوی نیشانە و (پ) پێرەوی هەستیاری بزوێنەری دەتوانرێت وەک لێهاتوویی یان پێواژۆ لێکبدرێتەوە.


٢. کارلێککردن. ئەمانە ئەو پەیوەندییە داینامیکییانەن، کە لە نێوان توخمەکاندا ڕوودەدەن و بەپێی پێویستی پاراستنی دۆخی هاوسەنگی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەجوڵێن.

٣. هەژموونەکان. کارلێکەکان هەم لەناو تاکەکاندا و هەم لە نێوانیاندا ڕوودەدەن. هەژموونی ناو خودی- و لە نێوان تاکەکاندا - واتە هەژموونی نێوان کەسی.

٣- دەستبەسەراگرتنی ئەرکی/ Executive function

دەستبەسەرداگرتنی ئەرکی کۆمەڵێک کارامەیی هزرییە. کارامەییەکانی بیرەوەری، خۆڕێکخستن، پلاندانان، بیرکردنەوەی نەرم و نیان، خۆکۆنترۆڵکردن، تێگەیشتن، سەرنجدان و ڕاستکردنەوەی هەڵە لەخۆدەگرێت. وەک لە لایەن(٢٠٠٤) Carlson et al پێناسەکراوە. مرۆڤ ڕۆژانە بۆ فێربوون و کارکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە سوود لەم کارامەییانەی وەردەگرێت. بوونی ئاریشە لە دەستبەسەرداگرتنی ئەرکیدا دەبێتە هۆی ئەوەی، کە سەرنجدان، شوێنکەوتنی ڕێنماییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ هەستەکاندا لەنێو شتەکانی تردا گرانبێت. ڕێگریکردن، یادگەی کارکەر و گۆڕینی ئاراستەیی دەستبەسەرداگرتنی ئەرکی(د.ب.ئ) جیاوازن و لە هەمان کاتدا بەیەکەوە گرێدراون. لە تەمەنی ٣ ساڵیدا تواناکانی

دەستبەسەرداگرتنی ئەرکی وەک پرۆسەیەکی یەکگرتوو دەست بەدەرکەوتن دەکەن، لە هەرزەکاریدا بە یەکگرتوویی دەمێننەوە. توێژینەوەیەک کە لەلایەن ( Xu et al :٢٠١٣) لەسەر ٤٥٧ منداڵی تەمەن ٧-١٥ ئەنجامدراوە، بۆیان دەرکەوت، کە مۆدێلێکی یەکگرتوو بە باشترین شێوە چووستی دەستبەسەرداگرتنی ئەرکی لە گروپە گەنجەکاندا ڕووندەکاتەوە (٧-٩ و ١٠-١٢ ساڵ)، لە کاتێکدا مۆدێلێکی سێ هۆکاری کاریگەرتر بوو بۆ هەرزەکارانی تەمەن (١٣-١٥ ساڵ). ئەمەش ئەوە پیشاندەدات، کە جیاوازییەکی بەرچاوی گەشەسەندن لەم دەستبەسەرداگرتنی ئەرکییانەدا لە کاتی هەرزەکاریدا سەرهەڵدەدات پەیوەست بە گەشەسەندنی پراگماتیک و کۆنیشانەی ئۆتیزمەوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.




هێڵکاری( ٤ ) میکانیزمی درکپێکردنی دەماری گریمانەکراو لەسەر بنەمای گەشەسەندنی پراگماتیکی زمان. وەرگیراوە لە( Michele Poletti, 2011:291).

٤ – تیۆری هزر Theory OF Mindتیۆری هزر (ت.هز) کە بە "خوێندنەوەی ئاوەز" و "هزر" ناسراوە، زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بە توانای مرۆڤ بۆ گەڕاندنەوەی بارە هزرییەکانی وەک بیروباوەڕ، ئارەزوو و مەبەست بۆ کەسانی دیکە. کێشەکانی (ت.هز) بە شێوەیەکی باو وەک کورتهێنانی بنەمای ئاریشەی پراگماتیک لە کۆنیشانەی ئۆتیزمدا سەیردەکرێن (بارۆن-کۆهین، ١٩٩٥). توانای تێگەیشتن لە کەسانی تر بابەتێکە، کە هەمیشە سەرنجی مرۆڤایەتی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەم توانایەش پەیوەستە بە توانای مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە گەردوون. ڕەوتە نوێیەکان لە بواری دەروونناسیدا ڕوانگەیەکی جیاواز پێشکەش بە فەلسەفەی ئاوەز(ئەقڵ) دەکەن، توانای لێکدانەوە وەک توانایەکی تایبەتمەند بۆ تێگەیشتن لە بارە دەروونییەکان پێناسەدەکەن.تیۆری هزر چەمکێکە کە لە سەرەتای منداڵیدا گەشەدەکات و گوزارشت لە توانای منداڵ دەکات بۆ تێگەیشتن لە کارکردنی دەروون. منداڵان لە تەمەنێکی بچووکەوە دەست بە دروستکردنی بیرۆکە دەکەن سەبارەت بەوەی، کە هزر چییە و چۆن دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. ئەم تێگەیشتنە بنەمای پێواژۆی بیرکردنەوە و فێربوونی ئاڵۆزتر پێکدەهێنێت. بەڵگە هەیە، کە تیۆری هزرلەلایەن منداڵانی تەمەن دوو ساڵەوە پەرەی پێدەدرێت، بەڵام تێگەیشتن لەم چەمکە ئاڵۆز و چالاکە. تیۆری هزر بریتییە لە توانای دەروونی تاک بۆ تێگەیشتن لەو بارودۆخانەی، کە پەیوەندییان بە مەبەستی تاکەکانی ترەوە هەیە. دەکرێت بە هۆشیاری دەروونی تاک و لێکدانەوە بۆ چەمکە تیۆرییەکانی پەیوەست بە بارودۆخە مەبەستدارەکانی وەک بیروباوەڕ و ئارەزووەکان پێناسەبکرێت. تێگەیشتن لەوەی کە ڕەنگە کەسانی دیکە بیروباوەڕی جیاوازیان هەبێت لە بیروباوەڕی مرۆڤ و لەوانەیە بەو پێیەش مامەڵە بکەن، گرنگ و پێویستە بۆ سەرکەوتووی کارلێک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. (Youmans) 2004تیۆری هزر بنەمای توانای پێشبینیکردن و تێگەیشتنە لە ڕەفتاری مرۆڤەکان، بەو پێیەش تێگەیشتن لە مەبەستی کەسانی دیکە پێکدەهێنێت. یەکەم لێکۆڵینەوە لەسەر تیۆری هزر دەگەڕێتەوە بۆ وتارەکەی پریماک و ودروف( Premack and Woodruff)لە ساڵی ١٩٧٨دا. ئەم توێژینەوەیە توانای شامپانزی بۆ پێشبینیکردنی ڕەفتاری کەسانی دیکە تاقیکردەوە. دوای نزیکەی بیست ساڵ، لێکۆڵینەوەی گشتگیر لەسەر ئەم بابەتە لە بواری دەروونناسی گەشەسەندن دەستپێکردووە. سەرەڕای ئەو زانیارییە دەوڵەمەند و وردانەی کۆکراونەتەوە، بەڵام هێشتا

کۆدەنگییەکی ڕوون لەسەر پەیوەندی ئەم کارامەییە بە پرۆسەکانی درکپێکردن، چۆنێتی کارکردن و ئایا بنەمایەکی بۆماوەیی هەیە یان نا نییە، بۆ تێگەیشتن لە هەندێک لەو پرسیارانە، لێکۆڵینەوە لە ئاریشە تایبەتەکانی وەک ئۆتیزمیش دەکرێت.(( هەبوونی تیۆری هزرڕێگەدەدات ئەوە تێگەیەنراوبێت، کە ئەوانی دیکە بیروباوەڕ و ئارەزووی ناوازەیان هەیە، کە جیاوازن لە ئارەزووی خۆمان، ئەمەش وامان لێدەکات کە ڕۆژانە بەشداری کارلێکی کۆمەڵایەتی بکرێت لەکاتێکدا بارە دەروونییەکان لێکدەدرێنەوە و ڕەفتارەکانی دەوروبەر ئەنجامدەدرێت))( Premack & Woodruff, 1978). (ت.هز) هاوشێوەی زمانە و لەخۆوە پەرەدەسەنێت، بەو پێیەی پێرەوێکە، کە بنەما بایەلۆجییەکانی هەیە و بەبێ فێرکردنی تایبەت گەشەدەکات. سەرەڕای ئەوەش گەشەسەندنی لە ژێر کاریگەری هۆکارە ژینگەییەکاندایە و دەتوانرێت بە هۆکاری ژینگەیی باشتربکرێت.( Janet Wilde Astington, Margaret J. Edward, MA: 2010:4-5) بۆ نموونە

١) بۆ بەشداریکردن لە یارییەکی دەوڵەمەندی خۆنمایشکردن.

٢) بۆ قسەکردن لەسەر بیرکردنەوە، خواست، هەستەکانی خەڵک و هۆکارەکانی ئەوەی، کە بۆچی بەو شێوەیە مامەڵە دەکەن.

٣) بۆ بیستن و قسەکردن لەسەر چیرۆکەکان، بە تایبەت ئەوانەی، کە سەرسوڕهێنەر ، نهێنی، فێڵ و هەڵەیان تێدایە، کە منداڵان بانگهێشتدەکەن بۆ بینینی شتەکان لە ڕوانگەی جیاوازەوە (بۆ نموونە، کچی کڵاو سوور نازانێت، کە گورگەکە وەک داپیرە جلوبەرگی لەبەردایە).

– قۆناغەکانی گەشەسەندنی تیۆری هزر

گەشەسەندنی تیۆری هزر (ت.هز) بریتییە لە تێگەیشتن لەوەی مرۆڤەکانی دیکە خاوەنی بیرکردنەوە و باوەڕ و ئارەزووی خۆیانن و ئەمانە دەتوانن جیاواز بن لە مرۆڤەکان. (ت.هز) وردە وردە لە تەمەنی کۆرپەییەوە تا تەمەنی گەورەیی گەشەدەکات. توێژەران قۆناغە سەرەکییەکانی ئەم گەشەسەندنە دەستنیشاندەکەن، لەوانە، ئارەزووی جۆراوجۆر ، بیروباوەڕی جۆراوجۆر ، دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی، بیروباوەڕی درۆ و هەستە شاراوەکان.

١- <u>١٨ مانگ -٣ساڵ</u>

کۆرپە لەگەڵ چەندین کارامەیی لەدایک دەبێت و لە ساڵانی یەکەمی تەمەنیدا کارامەیی نوێ بەدەست دەهێنێت. لە نێوان تەمەنی سفر و دوو ساڵیدا دەتوانن دەنگ و دەربڕینی دەموچاو جیابکەنەوە، لە دەوروبەری تەمەنی شەش مانگیدا دەتوانن جووڵەی شتەکان جیابکەنەوە، توانای سەرنجدانی جومگەکان لە نزیکەی ١٢ مانگیدا گەشەدەکات و نیشانەکانی تیۆری هزر لە ١٨ مانگیدا دەست بە دەرکەوتن دەکەن. لەم ماوەیەدا کۆرپە گۆڕانکاری لە تێگەیشتن لە ئامانجەکانی کەسانی دیکەدا ئەزموونده‌کات و دەست بە یاری خەیاڵی دەکات. منداڵان لە نێوان ١٨ بۆ ٢٤ مانگی دەست بە یاری "خۆنمایشکردن دەکەن"؛ بەم یارییانە دەتوانن لە جیاوازی نێوان ڕاستی و نوێنەرایەتی تێبگەن. لەم پێواژۆیەدا فێربوونی زمان خێراتر دەبێت و توانای یاریکردنی خەیاڵی گەشەدەکات. منداڵان فێری بەکارهێنانی شتەکان دەبن بە شێوازی جیاواز بە ئاماژەدان بەو شتانەی، کە لەوێ نین.

٢- <u>تەمەنی ٤ساڵ- ٥ساڵ</u> ئەم قۆناغە پێیدەوترێت "جێگیرکردنی بیروباوەڕی ئاستی یەکەم". منداڵانی تەمەن ٣-٤ ساڵ بەگران جیاوازی لە نێوان بیروباوەڕی خۆیان و بیروباوەڕی کەسانی تر دەکەن. لە تەمەنی ٣ ساڵیدا دەست بە تێگەیشتن لە جیاوازی باری جەستەیی و دەروونی دەکەن و تێدەگەن، کە ڕەنگە کەسانی دیکە بیروباوەڕی جیاوازیان هەبێت. بارۆن-کۆهین و هاوکارەکانی ڕێکخستنێکیان بۆ تاقیکردنەوەی ئەم تێگەیشتنە پەرەپێدا. منداڵانی چوار و پێنج ساڵان باشتر دەتوانن لە بیروباوەڕی کەسانی دیکە تێبگەن و بۆ نموونە دەتوانن بە دروستی پێشبینیبکەن، کە چی لە سندوقێکی "شیرینی"دا هەیە کاتێک دەیبینن. بەم شێوەیە، لە کاتێکدا ئەم توانایە جیاکارییە بۆ منداڵانی سێ ساڵان لاواز دەبێت، منداڵانی چوار ساڵان تێگەیشتنێکی باشتر نیشاندەدەن.(Baron-Cohen ve ark. 1985 ).

٣- <u>تەمەنی ٦ ساڵی و سەروتر</u> منداڵان لە دەوروبەری تەمەنی شەش ساڵییەوە دەست بە بیرکردنەوە لە باری دەروونی کەسانی دیکە دەکەن ، هەروەها تێگەیشتن لە بیرکردنەوە و مەبەستەکانیان. توێژینەوەکان دەریدەخەن، کە ٩٠%ی منداڵانی تەمەن ٥ ساڵ و نزیکەی هەموو منداڵانی ٦ ساڵان ئەم کارامەییانەی هەیە. سەرەڕای ئەوەش، توانای بیرکردنەوە لە دەرەوەی واتای وشەیی پێویستی بە تێگەیشتن لە میتافۆڕ و ئایرۆنی هەیە و ئەم توانایانە لە منداڵانی خوار تەمەنی شەش ساڵدا پەرەیانپێنادرێت. لەگەڵ پێشکەوتنی پلە دووی کارامەییەکانی تیۆری هزر، تێگەیشتن لە میتافۆڕ و کاریگەرییەکانیش باشتردەبێت.(Zeynep Dere, 2020:40)کەم پراگماتیستی دوای گرایسی هەیە، کە ڕۆڵی تیۆری هزر (ت.هز) لە لێکدانەوەی دەربڕینەکاندا ڕەتبکاتەوە، بەڵام ئەوەی بە گشتی مشتومڕاویترە، سروشتی وردی (ت.هز)ە لە پێواژۆی درکپێکردنی ئاڵۆزدا، کە قسەکەران بەرهەمیدەهێنن و گوێگران دەربڕاوەکان لێکدەدەنەوە. لەم ساڵانەی دواییدا لێکۆڵینەوە لە گەشەسەندنی پراگماتیک کەوتوەتە ژێر کاریگەری تیۆری هزر (Yan Huang,2017: 361) ،کە بریتییە لە تێگەیشتن لە مەبەستەکانی پەیوەندیکردن. (ت.هز) بریتییە لە توانای ناسینەوەی بارە

دەروونییەکان لە خۆی و کەسانی دیکەدا. تێگەیشتن لە مەبەستی قسەکەر بۆ تێگەیشتن لە ئایرۆنی و کردەوەکانی قسەکردن زۆر گرنگە. بە شێوەیەکی باو ئاریشەکان لە (ت.هز) پەیوەستن بە گەشەنەسەندنە پراگماتیکییەکانەوە، چونکە توانای گەڕاندنەوەی بارە دەروونییەکان بۆ لێکدانەوە زۆر گرنگە. بەڵگەکان کەموکوڕی( ت.هز) لە گروپەکانی تووشبوو بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکدا نیشان دەدەن، وەک ئۆتیزم و شیزۆفرینیا.(( ئەو بۆچوونەی، کە باسی لێوەدەکرێت، بە سێ بانگەشەی سەرەکییەوە پەیوەستە.بانگەشەی یەکەم ئەوەیە، کە لێکدانەوەی دەربڕاوەکان، بەکارهێنانی تەواوی لۆجیکییەت لەخۆدەگرێت._کاتێک بەکارهێنەرانی زمان وشەکان بەرهەمدەهێنن و لێکدەدەنەوە، سنووردارنین بە کارکردن لەناو ژێر هەژموونێکی لۆجیکیی تایبەتدا، کە لەلایەن هەندێک لە تیۆریستەکانەوە وەک لۆجیکێتی پەیوەندیدار دەستنیشانکراوە. بە پێچەوانەوە توانایەکی لۆجیکی بەکاردەهێنن، سیمای سەرەکی ئەوەیە، کە هەوڵەکانی سنووردارکردنی تێدەپەڕێنێت. بانگەشەی دووەم ئەوەیە کە لێکدانەوە بریتییە لە تێگەیشتن لە مەودای بەرفراوان لە بارە دەروونییە مەعریفی و سۆزدارییەکان، نەک تەنها ناسینی مەبەستەکان.بانگەشەی سێهەم ڕەخنەگرانەیە، ڕەخنە لەوە دەگرێت، کە چۆن تیۆرییە پراگماتیکییەکان زۆرجار یەکێتی ئەو زانستە پارچەپارچەدەکەن، کە بەکارهێنەرانی زمان پشتییێدەبەستن بۆ لێکدانەوە، کە بە شێوەیەکی تایبەت چاوپۆشی لێدەکرێت.)) (Cumming, 2015)کەواتە، هەر پرۆسەیەکی بنەمادار بە (ت.هز)، کە بڕیارە لە لێکدانەوەی دەربڕینەکاندا ڕۆڵبگێڕێت ، دەبێت کاراکتەری تەواو لۆجیکی، مەبەستدار، گشتگیری هەبێت بەو واتا تایبەتانەی، کە لە سەرەوە باسکراون، بەڵام تێگەیشتنێکی لەو شێوەیە لە لێکدانەوەی دەربڕینەکان بۆ زۆرێک لە پراگماتیستەکان و تیۆریستە درکپێکردنییەکان قبووڵنابێت. ئەو مشتومڕەی، کە ناتوانرێت ئەو توانا لۆجیکییە سنوورداربکرێت، کە لە کاتی لێکدانەوەی گوتندا بەکاردەهێنرێت.ئەو سێ بانگەشەیەی لە سەرەوە خراونەتەڕوو، لێدوانی دروستن سەبارەت بە لێکدانەوەی ئاسایی قسەکردن، بە پشکنینی لاوازییەکانی بەکارهێنان و تێگەیشتن لە دەربڕینەکان لە منداڵان و گەورەساڵانی تووشبوو بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکدا نیشاندەدرێت. تا ئەو ڕادەیەی، کە لێکدانەوەی قسەکردن بریتییە لە بەکارهێنانی توانایەکی لۆجیکی، دەکرێت چاوەڕوانی لە کورتهێنان لە ئیستدلالکردن و بەکارهێنانی ئەنجامەکان لە تاکەکانی تووشبوو بە گەشەنەسەندنی پراگماتیکدا بدۆزێتەوە.تیۆری هزر ئاماژەیە بۆ توانای گەڕاندنەوەی بارە دەروونییەکان، وەک بیروباوەڕ و هەستەکان، بۆ خۆی و ئەوانی دیکە، ڕێگە بە ڕوونکردنەوە و پێشبینیکردنی ڕەفتارەکان دەدات. ئەو بارە دەروونییانەی کە بەم شێوەیە دەگەڕێندرێنەوە بریتین لە بارە دەروونییە درکپێکردنەکان (بۆ نموونە، زانین و باوەڕ) و بارە دەروونییە سۆزدارییەکان (بۆ نموونە، توانای سەرنجدان لەسەر ئەو شتانەی کە باش نین). (بۆ نموونە دڵخۆشی و تورەیی). بەو پێیەی، کە چەسپاندنی ئەم ڕەفتارانە توانای خوێندنەوەی مێشکی ئەوانی دیکەیە ،ئەم لێهاتووییە هەندێکجار بە "خوێندنەوەی هزر" ناودەبرێت، لەلایەن و زانایان Premack & Woodruff, 1978: 515) بەکارهاتووە.

پەرەسەندن و دابەزینی تیۆری هزر بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ بە باشی بەڵگەی لەسەرە. ((بە شێوەیەکی ئاسایی منداڵان لە دەوروبەری تەمەنی ٤ بۆ ٥ ساڵیدا لێهاتوویی خۆیان لە تاقیکردنەوەکانی بیروباوەڕی درۆدا نیشاندەدەن، لەگەڵ منداڵانی بچووکتر لە ژێر بارودۆخی تایبەتدا سەرکەوتوودەبن، وەک کەمکردنەوەی دۆخی ڕاستەقینەی کارەکان)) (Wellman & Lagattuta, 2000). پێشکەوتنی بەرچاو لە تیۆری کارامەیی هزردا لە منداڵانی گەورەتر و هەرزەکاراندا ڕوودەدات، کە کچان بەگشتی لە کوڕان باشترن ( Dumontheil et al., 2010; Bosco et al., 2014) ، بەڵام تیۆری تواناکانی هزر لە گەورەساڵانی بەتەمەندا کەمدەبێتەوە، لەگەڵ گەشەنەسەندنی بەرچاو کە لە تەمەنی ٦٠ ساڵییەوە ئاماژەپێکراوە، سەربەخۆ لە گۆڕانکارییەکانی ئەرکی جێبەجێکردن (Maylor et al., 2002; Cavallini et al., 2013)توێژینەوەکان ئاماژە بە پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان کارامەیی پراگماتیکی زمان و تیۆری هزر لە دانیشتوانی جۆراوجۆری پێگەیشتوودا دەکەن. جێی ئاماژەیە،(**2009:** Monetta et al) پەیوەندییەکیان لە نێوان توانای نەخۆشانی پارکینسۆن بۆ لێکدانەوەی درۆ یان ئایرۆنی و چووستی ئەوان لە ئەرکەکانی بیروباوەڕی پلە دوودا دۆزییەوە. کوێرڤا و هاوکارانی پەیوەندییەکیان لە نێوان چووستی تاقیکردنەوەی بیروباوەڕی درۆی پلە دوو و کێشە پراگماتیکییەکان لە نەخۆشانی ئەلزەهایمەردا دەستنیشانکرد. لە شیزۆفرینیادا( Cuerva et al.: 2001)، توێژینەوەکانی برون و بۆدنشتاین (٢٠٠٥: Brüne and Bodenstein) و Mo et al". (٢٠٠٨) نیشانیاندا،((کە تیۆری هزر پێشبینی تێگەیشتن لە پەند و مێتافۆر دەکات و پێی دەوترێت( مێتا نواندنی توانا))(محمود، ٢٠١٧:٤٤٥). سەرەڕای ئەوەش لانگدۆن ئاماژەیان بە پەیوەندییەک لە نێوان کەمیی تیۆری هزر وگەشەنەسەندنی تێگەیشتن لە ئایرۆنی لە نەخۆشانی شیزۆفرینیادا کردووە( Langdon et al :2002).

سێ بانگەشەی سەرەکی لەتیۆری هزردا بریتین لە:

١– تیۆری هزر وەک مۆدێلێکی درکپێکردن (تیۆری مۆدیولاری هزر).

٢– تیۆری هزر وەک بوونیادێکی تیۆری.


٣- تیۆری هزر وەک پێشبینی خەیاڵی ( تیۆری هاوشێوەکردن).( بڕوانە (Cumming, L. 2012c) & ((Cumming, L. 2016).
لێکدانەوەی داواکاری ناڕاستەوخۆ و گاڵتەجاڕی نیشانی دەدات، کە چۆن تیۆری هزر بەشدارە لە تێگەیشتنێکی پراگماتیکی لە مێتافۆر، یەکێکە لە نموونەکان. زۆر پەیوەستە بە دیاریکردنی پاڵنەر و چوارچێوەی دەروونی قسەکەرێک.بۆ نموونە، ڕۆنیا و ڕۆزی وەک هاوژوور پێکەوە دەژین. ڕۆنیا چەند ڕۆژێکە قاپە پیسەکانی لەناو سینگەکەدا بەجێهێشتووە.ڕۆزی: ئەو قاپانە چەند درەوشاوەن ئەڵێی ئەڵماسن، وانییە ڕۆنیا؟بۆ تێگەیشتن لە مێتافۆرو گاڵتەجاڕییەکانی ڕۆزی، دەبێت ڕۆنیا تیۆری هزری هەبێت، وەک لە خوارەوە دەبینرێت:واتای وشەیی (شکستخواردوو): ئەگەر ڕۆنیا تەنها لە واتای وشەیی تێبگات، ئەوا پێیوایە، کە ڕۆزی بەڕاستی پێی وایە قاپەکان پاکن. قاپە پیسەکان دژایەتییەکی بینراون لەگەڵ ئەمەدا.تێگەیشتن لە شتە باوەڕپێنەکراوەکان: (ت.هز) ی ڕۆنیا وای لێدەکات بزانێت، کە ڕۆزی وەک بینەرێک لە هەمان شوێندا، دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت، کە قاپەکان پیسن. بەو پێیەی لێدوانەکەی بە ئاشکرا درۆیە، لەبەرئەوە دەبێت بە واتایەکی ناوشەیی بەکاربهێنێت.گریمانەکردن سەبارەت بە مەبەست و بیرکردنەوەکانی ڕۆزی:ڕۆنیا ئاگاداری دیدگای ڕۆزییە بۆ قاپە پیسەکان.کارەکانی ڕۆنیا بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە: ڕۆنیا ئاگادارە، کە ڕۆزی ئاگادارە، کە قاپەکانی نەشۆردووە.مەبەستەکان (دۆخی ئامانج): ڕۆنیا وا گریمانە دەکات، کە ئامانجی سەرەکی ڕۆزی ڕەنگە ئەوە بێت، کە ئەو قاپەکان بشوات.ڕۆنیا دەزانێت کە ڕۆزی گاڵتەجاڕی و مێتافۆری بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی بێزاری خۆی و داواکارییەکەی بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا ڕووبەڕووی ببێتەوە. تێگەیشتن لە مێتافۆر : لەبەر ئەوەی ڕۆنیا توانای ئەوەی هەیە ئەم حاڵەتە دەروونییانە (باوەڕەکان، نیەتەکان، ئارەزووەکان) بۆ ڕۆزی دابنێت، تێدەگات کە درەوشاوەیی مێتافۆرێکی گاڵتەجاڕییە بۆ پیسی و پەیامی بنەڕەتی ڕۆزی ئەوەیە: تکایە قاپەکان بشۆن .ئەگەر ڕۆنیا (ت.هز) نەبووایە، دەیتوانی بە ڕاستگۆیی وەڵام بداتەوە،( پێموایە وابن!. بەو پێیەی نەیدەتوانی جیاوازی نێوان لێدوانە زارەکییەکانی ڕۆزی و هەستە ڕاستەقینەکانی و باری سۆزداری دەربهێنێت. تیۆری هزر، لە سادەترین شێوەی خۆیدا، ڕێگەمان پێدەدات: لە واتای ڕاستەقینەی دەربڕاوەکان تێبگەین. ئەم توانایە بۆ خوێندنەوەی مێشک بۆ دانوستاندن لەسەر ئاڵۆزییەکانی زمانی مرۆڤ زۆر گرنگە، بەتایبەتی لە پراگماتیکدا، کە زۆر پشت بە کۆنتێکست و مەبەستی قسەکەر و زانیاری باو دەبەستێت.

٥- یادگە Memoryیادگە گەنجینەی مێشکە. چەمکێکی گرنگە، کە پەیوەندی بە گەشەسەندنی زانینەوە هەیە و تاکەکان دەتوانن بە وردی ئەزموونەکانیان لەبەرچاوبگرن. یادگە بریتییە لە هەڵگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردوو بۆ بەکارهێنان لە ئێستادا و وەبیرهێنانەوەیان لە کاتی پێویستدا. یادگە، کە پێکهاتەیەکی دینامیکی هەیە، پێواژۆکانی فێربوون، تۆمارکردن، هەڵگرتن، بیرهێنانەوەی زانیاریی نوێ و چەندین پێواژۆی تر لەخۆدەگرێت. هەروەها دەتوانرێت وەک پرۆسەیەکی بنەڕەتی بۆ مانەوەی زیندەوەران پەسنبکرێت. ( Temel Kurtulmuş ve Kaynak, 2016)لە چوارچێوەی گەشەنەسەندنی پراگماتیکی زماندا "مۆدێلی یادگە" ئاماژەیە بۆ ئەو چوارچێوە تیۆرییە جیاوازانەی، کە بەکاردەهێنرێن بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن پرۆسەکانی یادگە کاریگەرییان لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی زمان هەیە. هەرچەندە تاکە مۆدێلێکی یادگە لە ( گ.نە.پ)دا نییە، بەڵام توێژەران زۆرجار مۆدێلی یادگە ڕاگەیاندن/ڕێکار و مۆدێلی یادگەی کارکردن بەکاردەهێنن، بۆ تێگەیشتن لەوەی، چۆن کەمووکورتییەکانی یادگە ڕەنگە ببێتە هۆی ئاریشە و گەشەنەسەندنی پراگماتیک.یادگە لە دەرکەوتنە جیاوازەکانیدا – جا هەستی بێت، کارکەر، یان درێژخایەن – ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێواژۆکردنی پراگماتیکدا دەگێڕێت ، بە تایبەتی یادگەی کارکەر، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستەبە دەسبەسەراگرتنی ئەرکییەوە. (Baddeley, 2003). سنووری یادگەی کارکەر(ی.ک) دەتوانێت کاریگەری لەسەر چۆنێتی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی مرۆڤەکان لە ڕستەدا هەبێت، ئەمەش ڕەنگە دواتر کاریگەری لەسەر گفتوگۆکان هەبێت. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن، بەکارهێنانی جێگرەوە بەبێ ئاماژەیەکی ڕوون، دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی، بەتایبەتی لەو کەسانەی نەخۆشی ئەلزەهایمەریان هەیە. ئەم کێشەیە دەتوانێت ببێتە هۆی لەبیرکردنی ئەوەی پێشتر باسکراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری نامۆ لە بابەتەکاندا. توێژینەوەکان دەریدەخەن ئەو کەسانەی کێشەی توندی یادگەیان هەیە، زۆرجار ئەو بابەتانە دووبارەدەکەنەوە، کە تازە باسیان کردووە. ویلسن، بادێلی و کاپور ( Wilson, Baddeley, & Kapur:1995 ) حاڵەتێکی لەبیرچونەوەی توند ڕاپۆرت دەکەن، کە تێیدا بێتوانایی لە بیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ئەم دواییە بەو واتایە بوو، کە وتاردەر دووبارە و چەندبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی، کە پێشتر چەند خولەکێک پێشترباسکراون.ئەرکەکانی یادگەی کارکەر هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکەن، کە مرۆڤ تا چەند دەتوانێت زانیاریی لەبەرچاو بگرێت بۆ ماوەیەکی کورت. توێژینەوەکان دەریدەخەن، کە ئەو منداڵانەی کە گەشەنەسەندنی زمانییان هەیە لەگەڵ ئەرکەکانی یادگەی کارکەر/ فۆنۆلۆجی وەک وەبیرهێنانەوەی ژمارەکان و دووبارەکردنەوەی وشەی ناوشەدا کێشەیان هەیە. ((ئەم گەشەنەسەندنە دەتوانێت کاریگەری لەسەر فێربوونی وشەسازییان هەبێت. پێدەچێت کێشەکان لە هۆشیاری فۆنۆلۆجیدا ببنە هۆی ئەم کێشانەی یادگەی کارکەر، کە

چاوەڕوانناکرێت لەگەڵ ئەرکەکانی یادگەی کارکەری بینراو–فەزاییدا دەربکەون، کە بریتین لە بیرهێنانەوەی وێنە و شوێنەکان)).( Jenny Freed, let: 2012)

٦– هەست و سۆز Emotionبوارێکی دیکەی پێواژۆی هزرییە، کە بە شێوەیەکی باو پەیوەستە بە ئارێشەی پراگماتیکەوە، بواری هەست یان کاریگەرییە. زۆرجار بە بێتوانایی لە "خوێندنەوەی" وردی هەستەکانی ئەوانی تر پێناسە دەکرێت ، وەک لە کەسانی تووشبوو بە ئۆتیزمدا دەبینرێت، کە کێشەی تایبەتیان هەیە، بۆ نموونە لە لێکدانەوەی دەربڕینی دەموچاو و ئاوازی دەنگ لە کەسانی تووشبوو بە شیزۆفرینیادا (Baron–Cohen, 1991): ئەستەمە ئەو زانیاریانە دەستنیشانبکرێت، کە لە ڕووی سۆزدارییەوە گرنگن. (Phillips et al., 2003) ) ئەمەش ناسینەوەی مەبەستی پەیوەندیکردن گرانەکات، بەتایبەتی کاتێک باری سۆزداری قسەکەر لەگەڵ واتای وشەیی ئەو شتەی، کە دەوترێت ناکۆکبێت، وەک ئەوەی لە پەیوەندیکردنی ئایرۆنی، گاڵتەجاڕی و گاڵتەکردندا ڕوودەدات. کێشەکانی دەربڕینی هەست بە هەمان شێوە دەتوانن ببنە هۆی کێشەی پراگماتیک(Perkins : 2010).

٧– سەرنجدان سەرنجدان بریتییە لە وردبوونەوە و سەرنجدانی کارامەییەکانی دەروونی، پەیوەندییەکی نزیکی بە فێربوون و گەشەسەندنی درکپێکردنەوە هەیە. لە تەمەنی منداڵیدا، سەرنج زیاتر بە هەڵبژاردە و پلان بۆ داڕێژراو گەشەدەکات. لە کاتێکدا کۆرپە لە ساڵی یەکەمدا بە خێرایی بەرەو ڕووداوەکان ڕادەکێشن، بەڵام بە ئاسانی سەرقاڵ دەبن و زۆرجار سەرنجیان لەسەر شتە گەورە و سەرنجڕاکێشەکانە. ماوەی سەرنجدان بە هاندەری جیاواز جیاوازە. سەرنجدان ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕینی پرۆسەی دەروونی بۆ ژیان دەگێڕێت. سەرنجدان، وەک لە گۆڕانکارییەکانی ڕەفتاردا تێدەگەین، ئەرکێکی کۆزانینی ئاڵۆزە و پەیوەندییەکی نزیکی بە هۆشیاری، تێگەیشتن، بڕیاردان، بیرکردنەوە، فێربوون، یادگە و زمانەوە هەیە. هەروەها گرنگە مرۆڤەکان ژیانی خۆیان بە سەرکەوتوویی بژین. (Temel, Kurtulmuş ve Kaynak, 2016)




هێڵکاری ( ٥ ) پێواژۆی سەرنجدان (Sternberg, 2003)

دەکرێت بڵێین، کە سەرنجدان ئامرازی سەرنجدانی زانینە لەسەر پرۆسەکانی درکپێکردن و دیارترین زانیاریی لەگەڵ سەرچاوەیەکی ناسراو. لە پراگماتیکدا، سەرنجدان لەسەر ئەوەیە، کە چۆن قسەکەران قسەکانیان دابڕێژن بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر ئاراستەی ڕاستییە تایبەتەکان بکەن و چۆن گوێگران ئەم هێمایانە بە واتای خۆیان تێبگەن. پرسەکە تەنها پەیوەندی بەو شتانەوە نییە، کە دەوترێت، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە چۆن دەوترێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی هاوبەش بپارێزرێت. بەکارهێنانی دەستەواژەی ئاماژەیی و دروستەی زانیاری یەکێکە لە جوانترین وێناکردنەکانی سەرنج لە پراگماتیکدا. بۆ نموونە، (ئارش) و (ئانیا) باس لە پلانەکانی کۆتایی هەفتەیان دەکەن، بە تایبەتی نمایشێکی هونەری نوێ، کە ئانیا دەیەوێت سەردانی بکات. ئارش، کە لەگەڵ سەرنجدانیدا خەبات دەکات، بە خێرایی لە بابەتەکە دوور دەکەوێتەوە. سەرەتا دان بە نمایشەکەدا دەنێت، بەڵام دواتر باس لە فیلمێکی دیکۆمێنتاریی دەکات لەسەر ساختەکاری هونەر و وردەکارییەکانی پشیلەکەی کە ناوی پەمووە. ئەم گۆڕانکارییە ئەوە نیشان دەدات، کە ئارش گرنگییەکی بەردەوامی بەو شتانە نییە، کە ئانیا دەیڵێت. لەبری ئەوەی پرسیار لەبارەی نمایشە هونەرییەکە بکات، وەک هونەرمەند یان شوێنی دیاریکراو، ئارش زانیاری ناپەیوەندیدار بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش گفتوگۆکە تێکدەدات. سەرنجەکانی وا دەکات ئانیا وەڵامی لۆژیکی بداتەوە، یان قسەکە بگەڕێنێتەوە بۆ نمایشی هونەری. پێدەچێت هیوای خواستبێت، کە وروژاندنی خۆی هاوبەش بکات و لەوانەیە وا لە ئارش بکات بەشداری بکات، بەڵام ئارش شکست دەهێنێت لە وەرگرتنی ئەم ئاماژانە.کێشەکانی سەرنجی (ئارش) دەبێتە هۆی ئەوەی، کە گفتوگۆکە بە هەڵە لێکبداتەوە و ڕێگری لە ئاڵوگۆڕێکی واتادار بکات. لە کاتێکدا گوێی لە وشەکان دەبێت، بێتوانایی لە پاراستنی بابەتدا دەبێتە هۆی باسێکی پارچەپارچە، کە خاڵە سەرەکییەکە لەدەست دەدات. ئەم نموونەیە ئاڵنگارییەکانی بەشداریکردن لە گفتوگۆکاندا دەخاتە ڕوو، کاتێک بەشداربوو سەرنجی کەمی هەیە.

پەیوەندی ڕواڵەتی–ئەنجام جوانترین وێناکردنی سەرنجە لە پراگماتیکدا ، کە لەلایەن دان سپێربەر و دیردری ویلسۆنە( Dan Sperber and Deirdre Wilson )وە پێشنیازکراوە، نیشانی دەدات، کە چۆن سەرنج لە پەیوەندیکردندا کاردەکات. پەیوەندیکەران هێمای ڕوون بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی سەرنجی بینەر ڕابکێشن و پەیامەکەیان بگەیەنن.بۆ نموونە کاتێک کوڕێک لە زستاندا سەردانی دایکی دەکات، دایکی گەرمکەرەوەکەی شکاوە و دەیخاتە سەر مێزی ناوەڕاستی هۆڵی دانیشتن. ئەم کردارە ئاماژەیە بۆ کوڕەکەی، کە دەیەوێت چاکی بکاتەوە، هەرچەندە یەک وشەش ناڵێت. کوڕەکەی بە پشتبەستن بە زانیاری هاوبەشیان و دۆخەکە لە پێویستییەکەی تێدەگات. ئەم دۆخە تیشک دەخاتە سەر چەمکە سەرەکییەکان:

پەیوەندی نازارەکی: قسەکەر تەنها نیشانەیەکی نازارەکی بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی ئامانجەکەی، ئەمەش بەندە بە دەوروبەری هاوبەشەوە.پەیوەندیدارێتی: سەرنج بەرەو خاڵە سەرەکییەکە ڕێنمایی دەکات، دانانی گەرمکەرەوەی شکاو لە شوێنێکی دیاردا هێمایەکی پەیوەندیدار و زانیارییە، کە سەرنجی گوێگرەکە ئاراستەی ئەگەری زۆرترین ڕوونکردنەوە دەکات.تیۆری هزر: بۆ ئەوەی پەیوەندیکردن کاریگەر بێت، دەبێت وەرگر "تیۆری هزر"ی خۆیان بەکاربهێنێت، کە توانای گەڕاندنەوەی بارە دەروونییەکانە بۆ کەسانی دیکە، بۆ دەرهێنانی مەبەستی قسەکەر بۆ پەیوەندیکردن، چونکە تێگەیشتن لە بیرکردنەوەکانی یەکتر یارمەتیدەرە لە پەیوەندییەکی کاریگەردا.

ئاماژەی دەورووبەر: زانیارییەکانی پاشخانی پێویست بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکە لەلایەن مێژوو و لێکتێگەیشتنی هاوبەشی نێوانیان دابیندەکرێت.

٨– یەکگرووپی ناوەندی لاواز Weak Central Coherence (WCC)یوتا فریت ئەم چەمکی یەکگرتوویی ناوەندی لاوازی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ناساند(Uta Frith:1989) ، کە بریتییە لە مەیلی ئاسایی بۆ پێواژۆکردن و پێدانی واتا بە زانیارییە هاتووەکان بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەر، یان دیدگای جیهانی ئەو زانیارییانە. (ی.ن.ل ) " باس لە شێوازێکی بیرکردنەوە دەکات، کە جەخت لەسەر وردەکارییەکان دەکاتەوە، نەک وێنە گەورەکە. واتە زۆر گرنگیدان بە وردەکارییەکان نەک بابەتی سەرەکی. ئەوان لە ئەرکە وردەکارییەکان سەرکەوتوون بەڵام کێشەیان هەیە بۆ بەستنەوەی ئەم وردەکاریانە بە وێنەی گەورەترەوە.ئەم شێوازە، کە گرنگی بە وردەکاری دەدات، دەتوانێت بە شێوازی جۆراوجۆر لە بارودۆخەکانی ژیانی ڕۆژانەدا دەربکەوێت:

١– پەیوەندی: ڕەنگە کەسێک لە کاتی گفتوگۆکردندا لەسەر زاراوەیەک یان ڕستەیەکی دیاریکراو جێگیر بێت، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە جەوهەری گفتوگۆکە، یان پەیامی قسەکەرەکە لەدەست بدات. سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە گێڕانەوەی زۆر زارەکی و وشەیی پێشکەشبکەن، کە تێگەیشتنیان بۆ کەسانی دیکە قورسە. بەو واتایەی مرۆڤەکان دەتوانن لە گفتوگۆیەکدا زۆر سەرنجیان لەسەر هەندێک وشە بێت و خاڵە سەرەکییەکە لەدەستبدەن. هەروەها لەوانەیە ڕوونکردنەوەیەکی زۆر ورد بدەن کە کەسانی دیکە سەرلێشێواوبکات. بۆ نموونە ، کاتێک کەسێک چیرۆکێک لەبارەی گەشتێکەوە دەگێڕێتەوە، ڕەنگە کەسێک کە WCCی هەیە، قسەکانی پێببڕێت بۆ ئەوەی پرسیاری زۆر تایبەت سەبارەت بە ڕەنگی ئۆتۆمبێلێک بکات، کە بە شێوەیەکی ئاسایی باسکراوە، نەک سەرنجی لەسەر گێڕانەوەی گەشتەکە بێت.

٢– پەروەردە: ڕەنگە خوێندکار شارەزا بێت لە لەبیرکردنی بابەتەکانی کتێبێک لە پۆلێکدا، بەڵام کێشەی هەبێت لە کورتکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی بابەتێکدا. سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە کێشەیان لە بەکارهێنانی ئەو شتانەدا هەبێت، کە لە ڕۆمان، یان لە چوارچێوەی تا ڕادەیەک جیاوازدا فێربوون.

٣– **کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان** : تێنەگەیشتن لە ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان، گاڵتەجاری و دابونەریتی نەوتراو دەتوانێت لە ئەنجامی بێتوانایی لە تێگەیشتن لە چوارچێوەی تەواوی بەریەککەوتنێکی کۆمەڵایەتیدا بێت.( Beatriz López, Susan R. Leekam :2003) ، بۆ نموونە دەتوانن گرنگی بە قسەکانی کەسێک بدەن و لە هەمان کاتدا تۆنی دەنگ، یان زمانی جەستەی پشتگوێبخەن. لە دۆخێکی کۆمەڵایەتیدا، سەرنجدان بە هەموو دەربڕینێکی دەموچاو، یان جوڵەیەکی جەستەی مرۆڤ بەبێ تێگەیشتن لە دۆخی سۆزداری گشتی یان مەبەستی پەیوەندیکردن: ئەوان پارچە تاکەکەسییەکانی پەیوەندی نازارەکی دەبینن، بەڵام تێکەڵیانناکەن بۆ تێگەیشتنێکی یەکگرتوو لە هەستەکانی کەسەکە.

٤– **ئەزموونی هەستیاری:** ڕەنگە مرۆڤەکان هۆشیارییەکی بەرزیان هەبێت بۆ وردەکارییە خولەکییەکان لە ژینگەکەیاندا، وەک کەموکورییەکی بچووک لە پارچە قوماشێکدا یان ژاوەژاوی پاش بنەمایەکی ئاست نزم، کە کەسانی دیکە ئاگادارینین *.Frith, Uta (2008)* ) .بۆ نموونە، گرنگیدان بە تاکە دەنگەکانی مۆسیقا نەک ئاواز: کەسێک، کە( ی.ن.ل) ی هەیە، دەتوانێت گۆڕانییەک بە لیستکردنی هەر ئامێرێک و ئەو نۆتە تایبەتانەی، کە دەیژەنێت، بەبێ ئەوەی دەست بە ئاوازی گشتی یان کاریگەرییە سۆزدارییەکان بگرێت.

**ئەنجام:** لە گرنگتری ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووین:

١- گەشەسەندنی پراگماتیکی زمان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و تواناکانی پەیوەندیکردنی تاک هەیە و دەبێتە هۆی ئاریشە لە بەکارهێنان و تێگەیشتنی زماندا.

٢- (گ.نە.پ)تیۆر و رێباز و مۆدیلی تایبەت بەخۆی هەیە، گرنگترین ئەو تیۆرانەی کاری پێدەکات، تیۆری درکپێکردنی پراگماتیکییە، کە گرنگترین مودیلەکانی بریتین لە: (تیۆری هزر، دەستبەسەرداگرتنی ئەرکی،یەکگرتوویی ناوەندی لاواز).


References

به زمانی کوردی

١- محموود، عەبدولرەحمان(ئاڤێستا کەمال)(باخان سەرحەد)،( ٢٠٢٣). هەژموونی پەیپیردن لە لێکدانەوە وگەیاندنی ئاخاوتندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،بەرگی(١٠)، ژمارە(٢)، ل ٥٠٧-٥٢١.

٢- محمود، ئاڤێستا کمال (٢٠٠٦)، پراگماتیکی پرسیار و فەرماندان لەزمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.سلێمانی.

٣- محمود، ئاڤێستا کمال ( ٢٠١٢). پێواژۆ سایکۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٥- حسین، حمه کریم(شیلان عمر)(شۆخان محمد)( ٢٠٢٢). پەسنکردنی پەیوەندیکردنی نازارەکی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگ(٩)، ژمارە(٣)، ل ١٢٢-١٣٧.

به زمانی تورکی

Youmans G (2004). Theory of Mind in individuals with Alzheimer-Type Dementia profiles (Electronic Theses). The Florida State University College of Communication.

Zeynep Dere (2020). Bilişsel ve Dil Gelişimi. ÇOCUK GELİŞİMİ LİSANS PROGRAMIİSTANBUL ÜNİVERSİTESİ, AÇIK VE UZAKTAN EĞİTİM FAKÜLTESİ.

به زمانی ئینگلیزی

Adams, C., Baxendale, J., Lloyd, J., &Aldred, C. (2005). Pragmatic language impairment: case studies of social and pragmatic language therapy. Child Language Teaching and Therapy, 21(3),227–250.https://doi.org/10.1191/0265659005ct290oa

Aso Ali Mohammed (2023). A Relevance Theory Analysis of Some Selected American and Iraqi Presidents' Interviews. University Of Sulaimani. Doctor Of Philosophy in English Language and Linguistics.

Amy Philofsky, Deborah J Fidler, Susan Hepburn (2007). Pragmatic language profiles of school-age children with autism spectrum disorders and Williams syndrome. Am J Speech Lang Patho. 2007 Nov;16(4):368-80. Doi: 10.1044/1058-0360(2007/040).

Alduais, A (2013). IDENTIFYING TYPICAL AND ATYPICAL MANIFESTATIONS OF PRAGMATIC LANGUAGE IMPAIRMENT IN ARABIC: A MULTI- METHOD STUDY OF INDIVIDUALS WITH DEVELOPMENTAL DYSPHASIA. Kingdom Of Saudi Arabia/Riyadh. M.A in applied linguistics.

Alduais, B (2013). Pragmatic Language Impairment & Developmental Dysphasia: Introduction, assessment tools in the Arabic Language and studies of individuals from Saudi Arabia. LAMBERD Academic Publishing. ISBN: 978-3-659- 35375-8.

Alduais, A.; Majorano, M.; Andrés-Roqueta, C.; Hamaguchi, P.; Persici, V.; Qasem, F (2021). Conceptualizing, Defining, and assessing Pragmatic Language impairment of preschoolers: A scoping Review (Title Registration). OSF.

Alduais, A., Majorano, M., Andres-Roqueta, C., Hamaguchi, P., Persici, V., & Qasem, F. (2022). Conceptualizing, defining, and assessing pragmatic language impairment in clinical settings: A scoping review. Infant and Child Development, 31(6), e2368. https://doi.org/10.1002/icd.2368A.A.M.S.

Alduais, A. Tamara Trivkovic, Silvia Allegretta & Hind Alfadda (2023). A scientometric review Neurotraumatic, DOI: 10.1080/23279095.2023.2251634.

Alduais A, Hind Alfadda, Silvia Allegretta and Tamara Trivkovic (2023), Pragmatic Language Impairment: A Scientometric Review, DOI: 10.3390/app13169308.

Alduais, A. Tamara Bastianello, Abdullah Alduais, Ivy Xiaoyan Wu (2023). Competing views on interventions for pragmatic language skills in persons with pragmatic language impairment: An umbrella review. Applied Neuropsychology Child 14(1):1-17. DOI:10.1080/21622965.2023.2289589.

American Psychiatric Association (2013). Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders (Fifth ed.). Arlington, VA: American Psychiatric Publishing. pp. 41–49. ISBN 978-0-89042-555-8. OCLC 845233998.

Austin, J. L. (1962). How to Do Things with Words. Oxford: University Press.
Avesta Kamal Mahmud(2017). Pragmatics Impairment and complexity of Linguistic Domain: Psycho-linguistic Analysis for pragmatic Disorders. Journal of University of Human Development, Vol. 3 No. 3.(p424-452) https://journals.uhd.edu.iq/index.php/juhd/article/view/369.
DOI: https://doi.org/10.21928/juhd.v3n3y2017.pp424-452.
Balconi M, Amenta S. (2010). From Pragmatics to Neuropragmatics.In Book( Neuropsychology of Communication). pp 93–109.
Bara, Bruno G.(2010). Cognitive Pragmatics: The Mental Processes of Communication, Cambridge, MA: MIT Press.
Bara, Bruno G. (2011). Cognitive pragmatics: The mental processes of communication. Intercultural Pragmatics 8:443-485.
Bara, B. G., Bucciarelli, M., & Geminiani, G. C. (2000). Development and decay of extra-linguistic communication. Brain and Cognition, 43, 21-27.
Bara, Bruno G., Monica Bucciarelli, and Livia Colle (2001). Communicative abilities in autism Evidence for attentional deficits. Brain and Language 77:216-240.
Bara, Bruno G., Maurizio Tirassa, and Marina Zettin(1997). Neurotraumatic Neuropsychological constraints on formal theories of dialogue. Brain and Language 59:7-49.
Bara, Bruno G. And Maurizio Tirassa (2000). Neurotraumatic: Brain and communication. Brain and Language 71:10-14'
Baron-Cohen, S., Leslie, A. M., & Frith, U. (1985). Does the autistic child have a "theory of mind"?. Cognition, 21(1), 37-46.
Barry M. Prizant, Amy M. Wetherby (1998). Understanding the Continuum of Discrete-Trial Traditional Behavioral to Social-Pragmatic Developmental Approaches in Communication Enhancement for Young Children with Autism/PDD. Seminars in Speech and Language, Volume (19), Number (4).
Bambini, V. (2010). Neurotraumatic: A foreword." Italian Journal of Linguistics/Rivista di Linguistica 22: 1–20.
Bambini V.& Bara B. (2010). What is neuropragmatics? A brief note. QUADERNI DEL LABORATORIO DI LINGUISTICA – VOL.9.
Bishop, D.(2000). Pragmatic Language Impairment: A Correlate of SLI, a Distinct Subgroup, or Part of the Autistic Continuum. In Speech and Language Impairments in Children; Psychology Press: London, UK; pp. 99–113.
Bishop, D. V. (2014). Pragmatic language impairment: A correlate of SLI, a distinct subgroup, or part of the autistic continuum?. In D. V. M. Bishop & L. Leonard (Eds.), Speech and language impairments in children (p. 113–128). Psychology Press.
Bishop, D.V.M.; Norbury, C.F. (2002). Exploring the Borderlands of Autistic Disorder and Specific Language Impairment: A Study Using Standardised Diagnostic Instruments. J. Child Psychol. Psychiatry Allied Discip. 43, 917–929.
Boster, J. B., Spitzley, A. M., Castle, T. W., Jewell, A. R., Corso, C. L & McCarthy, J. W. (2021). Music improves social and participation outcomes for individuals with communication disorders: A system- atic review. Journal of Music Therapy, 58(1), 12–42. https://doi.org/ 10.1093/jmt/thaa015.
- Carruthers, S., Taylor, L., Sadiq, H., & Tripp, G. (2021). The profile of pragmatic language impairments in children with ADHD: A system-attic review. Development and Psychopathology, 34. https://doi.org/10.1017/S0954579421000328(P1–23).
Cromer R.F(1981). Developmental language disorders: cognitive processes, semantics, pragmatics, phonology, and syntax. J Autism Dev Disorder 1(1):57- 74. PMID: 6927699. doi: 10.1007/BF01531341.
- Cummings, L. (2012). Theorising in pragmatics: Commentary on Bara's Cognitive Pragmatics: The Mental Processes of Communication (MIT Press, 2010). Intercultural Pragmatics 9:113-120.
- Cummings, L. (2014a). The Cambridge Handbook of Communication Disorders. ISBN 978-1-107-02123-5 Hardback.
- Cummings, L. (2014) Pragmatic Disorders, Springer Netherlands, Pragmas and Theories of Language Use, Perspectives on Linguistic Pragmatics, 9789400779549, 9400779542.
Cummings, L. (2015). Theory of mind in utterance interpretation: the case from clinical pragmatics. Frontiers in Psychology. DOI: 10.3389/fpsyg.2015.01286.

Cummings, L. (2016). Clinical Pragmatics, in Y. Huang(ed), Oxford Handbook of Pragmatics, Oxford: Oxford University press, 346-361.
Cummings, L. (2017). Cognitive aspects of pragmatic disorder, in Cumming, L. (ed)Research in Clinical Pragmatic, series: Perspective in pragmatics, Philosophy & psychology, Vol. 11, Cham Switzerland: Springer International Publishing AG, 587-616.
Cummings, L. (2021) 'Pragmatic impairment', in J.S. Damico, N. Müller and M.J Ball (eds.), Handbook of Language and Speech Disorders, Second Edition, Wiley-Blackwell.p192-208.
Christine Brennan (2021). Learning Disabilities. From (The Handbook of Language and Speech Disorders. Edited by Jack S. Damico, Nicole Müller.
Ebbles SH, Van Der Lely HKJ (2001) Meta-syntactic therapy using visual coding for children with severe persistent SLI. Int J Language Commun Disorder 36(Supple):345–350
Frith, Uta. (1989). Autism: Explaining the enigma. Oxford, UK: Blackwell.
Grice, Herbert P. (1957). Meaning. The Philosophical Review 66:377-388.
Berko- Gleason, Jean (2001). The development of language. Boston: Allyn and Bacon. ISBN 978-0-205-31636-6. OCLC 43694441.
Happé, Francesca G.E. 1993. Communicative competence and theory of mind in autism: A Test of relevance theory. Cognition 48:101-119.
Ingerith Martin, Skye McDonald. (2003). Weak coherence, no theory of mind, or executive dysfunction? Solving the puzzle of pragmatic language disorders. Brain and Language. Volume 85, Issue 3, June, Pages 451-466. https://doi.org/10.1016/S0093-934X(03)00070-1
Janet Wilde Astington, PhD, Margaret J. Edward, MA (2010). The Development of Theory of Mind in Early Childhood. SOCIAL COGNITION. ENCECLOPEDIA On Early Childhood Development.
Jenny Freed, Elaine Lockton, Catherine Adams(2012). Short-term and working memory skills in primary school-aged children with specific language impairment and children with pragmatic language impairment: phonological, linguistic and visuo-spatial aspects. International Journal of Language & Communication Disorders. Volume (60), Issue (3). https://doi.org/10.1111/j.1460-6984.2012.00148.x
Kay L. O'Halloran, Sabine Tan and Marissa K. L. E (2014) Multimodal pragmatics. This chapter is in the book(Pragmatics of Discourse). DOI: doi.org/10.1515/9783110214406-010
Ketelaars, M.P.; Embrechts, M.T.J.A. (2017). Pragmatic Language Impairment. In Perspectives in Pragmatics, Philosophy & Psychology Ed.; Springer International Publishing: Cham, Switzerland, Volume 11, pp. 29–57. ISBN 978-3-319-4748.
Langdon R. M Coltheart, P B Ward, S V Catts (2002). Disturbed communication in schizophrenia: the role of poor pragmatics and poor mind-reading. 32(7):1273-84. Doi: 10.1017/s0033291702006396.
Lessow-Hurley, 1991 Levinson, S. C. (1983). Pragmatics. Cambridge University Press. Https doi.org/10.1017/CBO9780511813313.
Lessow Hurley. Judith (1991). A commonsense guide to bilingual education. ISBN 0-87120-183-6.
MeSH. (n.d.-b). Social communication disorder. https://www.ncbi.nlm.nih.gov/mesh/?term=Pragmatic+Communication+Disorder
Mieke P. Ketelaars; Juliane Cuperus; Kino Jansonius; Ludo Verhoeven (2010), pragmatic Language impairment and associated behavioural problems, International Journal of Language & Communication Disorder, Volume 45, Issue 2, p204-214. International Journal of Language & Communication Disorders
Mieke P. Ketelaars, Mariette Embrechts ( 2017).Pragmatic Language Impairment.
DOI: 10.1007/978-3-319-47489-2_2.
Michele Poletti (2011). A neuropsychological approach to the etiology of pragmatic language impairment, Clinical Neuropsychiatry 8(5):287-294.
Muhammad Zuhri Fakhruddin, Fika Megawati (2018). Stakeholder Perspective toward English Language Teaching in Pesante. Vol. 3 No. 1. Article DOI: http://dx.doi.org/10.24903/sj.v3i1.200.
Muskan Chawla, Surya Narayan Panda& Vikas Khullar (2025). Deep learning and robotics enabled approach for audio based emotional pragmatics deficits identification in social communication disorders. 239(3):332-346. Doi: 10.1177/09544119251325331
Nuala Ryder, Eeva Leinoen& Joerg Schulz (2008). Cognitive approach to assessing pragmatic language comprehension in children with specific language impairment. International Journal of Language &

Communication Disorders. Volume 43, Issue 4. Pages 427-447 | Received 07 Sep 2006, Accepted 09 Aug 2007, Published online: 03 Jul 2009.

Parncutt R (2019) Mother schema, obstetric dilemma, and the origin of behavioural modernity. behave Sci 9(12):142. https:// Doi. org/ 10. 3390/ bs912

Perkins, M. (2007). Pragmatic Impairment. Cambridge: Cambridge University Press.-

Perkins, M. (2010). Pragmatic Impairment. https://doi.org/10.1002/9781444318975.ch10.

Premack, D., & Woodruff, G. (1978). Does the chimpanzee have a theory of mind? Behavioral and brain sciences, 1 (4), 515-526.

Rasha Sami1* and Ghada Tarek (2021). Multimodal approaches in language therapy for children with developmental language delay: enhancing engagement and outcomes using Let's Learn Program. The Egyptian Journal of Otolaryngology. 41:64. https://doi.org/10.1186/s43163-025-00804-8.

Rapin, I.; Allen, D.A(1983). Developmental Language Disorders: Noso logic Considerations. In Neuropsychology of Language, Reading and Spelling; Elsevier: Amsterdam, The Netherlands, 1983; pp. 155–18.

Sternberg, R. J. (2003). Cognitive Psychology (3rd Edition). Belmont: Thomson Wadswort.

Stephen C. Levinson (1983). Pragmatics. Cambridge Textbooks in Linguistics. ISBN:9780521294140. https://doi.org/10.1017/CBO9780511813313

Stemmer, B. (2008). Neuropragmatics. In M. J. Ball, M. R. Perkins, N. Müller, & S. Howard (Eds.), The handbook of clinical linguistics (pp. 61–78). Blackwell Publishing Ltd.SUSAN RVACHEW (2021). Children with Speech Sound Disorders. McGill University, Montreal, Canada.

Shupin Li (2017). The Vagueness of Ordinary Language and Its Impact on the pragmatic Turn. Proceedings of the International Conference on Social Psychology and Humanity Studies. DOI: 10.54254/2753-7064/6/20230356.

Schnell, Z., Varga, E., Tényi, T., Simon, M., Hajnal, A., Járai, R., & Herold, R. (2016). Neuropragmatics and irony processing in schizophrenia–Possible neural correlates of the meta-module of pragmatic meaning construction. Journal of Pragmatics, 92, 74-99. https://doi.org/10.1016/j.pragma.2015.11.004.

Tatiana Pereira, Ana Margarida Ramalho and Marisa Lousada(2024), Journal of Child Language -First View , , Published by Cambridge University Press, DOI: https://doi.org/10.1017/S0305000923000764 . pp. 1 - 18.

Tényi, T., Herold, R., Szili, I. M., & Trixler, M. (2002). Schizophrenics show a failure in the decoding of violations of conversational implicatures. Psychopathology, 35(1), 25-27. https://doi.org/10.1159/000056212

Thomas, J.A. (1995). Meaning in interaction: An introduction to pragmatics. Longman. - Wilson, Deirdre and Dan Sperber( 1991). Pragmatics and modularity. In Pragmatics: A Reader, ed. S. Davis. New York: Oxford University Press, 583-595

Wilson, D. and Sperber, D. 1991. Pragmatics and Modularity. (In S. Davis, Eds.), Pragmatics: A Reader,583-595. Oxford: Oxford University Press.

Xu, F., Han, Y., Sabbagh, M. A., Wang, T., Ren, X., & Li, C. (2013). Developmental differences in the structure of executive function in middle childhood and adolescence. PLoS One, 8(10), e77770.

Yan Huang (2017). The Ox ford Hand book of PRAGMATICS. Oxford University Press is a department of the University of Oxford. ISBN 978– 0– 19– 969796–0.

Yule, G. (2013). Referential communication tasks. Routledge. First published 1997. https://doi.org/10.4324/9781315044965